کەس منعی نە کا عشقی گول ئە ندامی لە سەردا

• ✡ •

گردشی چاوت قراری عاشقی مسکین دە با
ساحری چاو بەستە آری دل دە گیشی دین دە با

قبلە کەم لەوزاری هەر وەك خونچە بو یە پی کەنی
دا بلین خەندەی لە گول دی آبروی پەروین دە با

گەر ببینی وەك هلال ئەبروی گولم فەرهادی چین
روحی شیرینی لە قو٧ر نابی بە صد نالین دە با

من کوتم گرتی حبش کعبەی جمالت ئەو دە لی
کاروانی مسکە بو کعبە گول و نەسرین دە با

نەشتەری چاوی حبیبم وا بە سینەمدا دەچی
مرهەمی ناری طبیبم بو دلی مسکین دەبا

من وەها مەستی گول ئەندامم کە نازانم ابد
هوشی من دو گمەی تەلا یا ساعدی سیمن دە با

پیچ و تاوی زولفی خاوی رمز و غمزەی سحری چاوی
ئەو لە لائی روح دە کیشی ئەو لە لایی دین دەبا

گەر (وەفایی) لە ودە رەدیتوودە چی منعی مە کەن
سورمەئی خاکی دەرت بو چاوی پرئە سرین دەبا

• ✡ •

چاوە کەت هەردەم نیشانەی تیری موژگانم دە کا
بووم بە نیچیری فەرەنگی تیرە بارانم دە کا

یاری من هەر گیز لە قتلی عاشقی پەروای نیە
راز داری شمعە بو یە حەز لە سوو تانم دە کا

عاشقی زارم لەسەر هیچ ئە و نیگارە دە مگوژی
طیفلی نادانم لە سەر ماچی لە گریانم دە کا

روو لەئەبروی توم دە کا چاوت بە موژ گانت کەچبی
قبلە پی[٧] نیشان مە دە کافر موسلمانم دە کا

فکری زولفت علتە وصفی دەمت نا کەم ئەمن
نکتە زانی کارمە سەودا پە ریشانم دە کا

من دە لیم[٧] یاقوت و ریحان خطی کامیان خوشترە
ئەو بە عیاری اشارەی لعلی خە ندانم دە کا

صوفی ایخەی گر توم تر کی حبیبم پی دە کا
دەك بە لعنت بی کە منعی آوی حیوانم دە کا

کعبە کوچە ی آستانە قبلە ئە بروی دولبە رە
وەك (وفایی) هەر کە سی دی میلی جانانم دە کا

. ✡ .

عم زەدەی زولفم بە غمزەی چاوی حیرانم دە کا
بۀ ستەیی داوم فەرە نگی تیرە بارانم دە کا

دائما آوینە دینی ٧ کفرە نەك رو حمیکی بی
حقیەتی بەو چاوە کالانە کە تالانم دە کا

آولە چاوانم لەبەر زولف و عذاری دیتە خوار
دوو کە لی ٧ ئەو مجمرە هەردەم لە گریانم دە کا

قامتی تو نە و ظهورە طلعتی تو ٧ نوری طور
دەمبە دەم بەوتەرزە چاوت مەست وحیرانم دە کا

پیم دەلی ٧ بگری (وەفایی) گە رئەسیری لیومی
یعنی مرواریم دە وی چی نرخی مرجانم دە کا

---

تا بی سەری کو ٧ لمە ت بوو کە وازولفی بە بادا
یا روژی وصالت شە ویی هجرانی وە لادا

خالی دەمتە یامە گە سی حوقەیی شە کەر
یاخو[8] حبشی زادە لە نیو آویی بە قادا

خو[7]ینین جگەرن طالبی ئەوزارە دە عالەم
ئەوجەوهەرە بە وهیچە بەدوو عالە می نادا

هەر تارە کە وا مبسکنی یاری دل و روحە
سەد روحی بە بادا کە بە داو پەرچەمی بادا

بازاری شکاوەك دلی[7] زارم گول و نافە
تاتا سەریی زولفی کە بە سەر عارضی دادا

حیرەت زەدەیی نرگس و ئە بروتە (وە فایی)
کافر نیە و امە ستە لە محرابی وفادا

---

کاکولی[7] بە دەم باوە کە بادا بە بە دەندا
بازاری شکانافە بە سەر چین و خوتەن دا

تورکانە گولم[7] پەر چە می کە وتوتە عذاری
وەك سنبلی آشفتە بە سەر بەرگی سەمەندا

تاهەوریی بەهاری نە بزووت خونچە نە پشکووت
بو٘یە کە دەکا خەندە بەسەر گریەیی مندا

گویاوە کوومن بەوقەدە سەودایی یە زولفت
سەرگەشتە یەوا تابەری پی٘ چین بەشکەندا

سەرمەستم و سەربە ستم و بی باك لە دوو عالەم
ساقی بەکرم دوینی کە جامیکی بەمن دا

ماچیکی دەمت خوینی اسیری سەریی زولفە
سائەو دەمە وابینە کە من خوم٘ لە ر٘سە ندا

زولف و روخ ولیو عارض و خط ذایقە بەخشن
وەك زوهرە لەشە ومەی لەقدح گول لە چەمەندا

کەی بستەی ذریکە دووسەد برقی لالی
ئەوخەندە مەگەر معجزە یە دی بە دەماندا

بو٘ر٘وژی نثاری قدمت ئەشکی (وەفایی)
مرواریە پەروەرودە لە نیو کانی یمندا

۞ • ۞

مشاطه که شانەی لە سەر و زولفی سەمەندا
آشفتەگی حالی وەفایی لە قەدَ لە مدا

قوربان وەره سەیریکی دل وعالەمی دل که
هەر ذوقه لە دل شه وقەلەسەر آهه لە دەمدا

آوینەیی دل‌وا لە جلادا بە تجلی
دیوانەیی رووت کەیی‌لەهەوای‌شوکتی جەمدا

بوَخاتری خەندیکی بەره نگی گولی باران
عاشق ئەوەتا هەر کولیَ گریانی لە دەمدا

خەندەی گولی زارت کە نە بو باعثی مەستیم
بوَچی دلی من دەستی‌لە گولزاری ارەم دا

آخرسەگی خاکی دەری توَ بووم بە جودائی
مرووەت نەبوو تیغت لە سەری صیدی حرمدا

روحم بە نثاری قدمت بوچی دەرەنجی
روحم کە بە من نالیَ کوا دل چیە دەمدا

وا عاشقی زار و کەمە ری تویە (وفایی)
لەو نیوە[٧] وجودیکە لە بە ینی دو عدم دا

---

بیائە ی جانی من ساقی فدای ساغرت بادا
ئەمان سوتام ئەمن جامی لەبو[٧] نەی‌دووریم لادا

هوا خود نافه میریزد صبا مشکی ختن بیزد
مەگەر دیسان بە دەم بادا حبیبم پەرچەمی بادا

گدایی بە زم شاهان بادۀ ناب از کجا آرد
لە بەر وەی‌آرەقی کولمی لەباتی‌مەی بەمن نادا

چشم‌پر اشگ ودل‌پر خون وجانم بس‌پریشان شد
کە دیتم‌سنبلی تاتا بە باریکی سە مە ن نادا

لب لعلش بشوخی هم چو گل گاهی اگر خندد
دەلی‌ی شە کەر لەعنبردا لە گەل آرەق لە مینادا

بچشم اشکبارم عکس روی و موی جانان بین
شەوورو[٧] ژ روژ[٧] وشە وهەر دوولە نیوعقدی‌ثریادا

بەهای بو٘سەی ناکردە جان باشد بە چشم ما
دەمت و ابینە چاوم قەت بوە گە و هە رلەدە ریادا

فغان و گریە ی دل از غم روی تو در زلفت
دەلی ی بو٘ گوڵ دە نالینی بەشەو بو بلبول لەصحر ادا

(وەفای) تامنم گریان و سوزان درپی جانان
تمنام هەر لەیارە گەر بە آو و آورم دادا

لیوە کەی آلت دەلین آور لە نیو گیان بەر دەدا
ذرە یەك نورە بەلی آور لە انسان بەر دەدا

من لە سری حکمتی چاوت عجب ماوم عجب
ئە و نەخو٘شە خوینی قلبی من بە موژ گان بەردەدا

ئەژدەهای زولفت تە لەسمیکە لە سیحری بابلی
آوری جادوو لە میهرو ماهی تابان بە ر دەدا

هیند ویی خالت دەنیو باخی جمالت کەوتوە
باغەوان مالی رمی بو٘چی گولستان بە ردەدا

لیوی یاقوتت ئەگەر قوتی رەوانی عاشقە
پیم بلی وجهی چیە آور لە انسان بەر دەدا

زاری تۆ گولزارەخۆ بۆچ آوی حیوانی هیە
سەروی تۆ آزدە بۆ چ نارنج ورمان بەردەدا

لیو بی آل و چاوی کالت بۆە تە فتنەی دین ودل
حقیە تی باللە (وەفایی) دەست لە ایمان بەردەدا

بەخۆ رایی نیە سووتاوی رووتە عاشقی شە یدا
لە رووتی دیوە جلوەی آتەشی سینالە سینەیدا

کوتم عقدی ثریا ماهی من تو نگی شکر نەیبوو
کەچی بۆ راستی اعجازی خۆی یارم لەخەندەیدا

عصائی فەتحی موسا کوڵ بوو بی معجز شکانەیکرد
کەفرعونی خطی هاتو احاطەی دەوری کولمەیدا

دروٚت فەرموو خطم بی٧ نایەلم٧ گەر راست ئەکەی ساده‌ی
فەرنگی قومی دەجال ئەی مسیحادە وریی کمیەی دا

لە سینه مدا چه شیرین دل دەنالینی بە محزونی
وەرە لەوشیوە گوی بگرە لە شیینی شیوەیی نەیدا

مه کەن منعی (وەفایی) چونکه سەر گەردانی جانانە
لەسەر دینی کە شیخی خانەقا بەردیی لەتوٚ بەیدا

سەریی کولمەت لە نیو زولفی سیادا
اشاریکه لە نوری شه و چرا دا

سجودی بردە ئەبروٚ روو لە سەر ڕوو
شەوی دیینی کە تو٨ زولفت بە با دا

ئە من چاوم لە روٚژ دا پر لە خوین بوو
کە آوینەی جمالی خوی جلا دا

له عیشقت عمری شیرینیم به بادا
ئەری هوشم به چاوی سورمه سادا

له بەر تاقیی برو[8] ت بمرم چه نابی
که من شابم لەبن بالی[7] هومادا

مرادی روو[7] حمه بویه (وەفایی)
به دل ماچی له خونچەی لیویی نادا

## نه و روز

نسیمی بایی نەوروزی شمیمی عبهری هینا
بریدی عاشقان دیسان پەیامی دولبەری هینا

نویدئەی عاشقانی دلفگار یار هاته سەر خەنده
سەلا[7] ئەی بولبولان دیسان درەختی گول بەری هینا

مه گه‌رری ی که‌وته‌زولف‌وروی حبیبم بایی نه‌وروزی
حیاتیکی به دونیا داوه بۆ گوڵ عنبری هینا

به فتحی دڵ ده‌ڵی یارزولف‌وسینه ورۆی‌وه‌ده‌ر ناوه
له نه‌سرین و گول وسنبل به‌هارهات شه که ری هینا

ده‌لی ی چاوی منه‌هه‌وری به‌هاری ده‌مبه ده‌م ده گری
ده‌ڵێی آهی منه برقی دره‌خشان آوری هینا

هه‌وا چوو پر به دامانی ده‌رو ده شتانی گول کیشا
صبا هات پر به جیبی کوهساران عنبری هینا

له‌نیو به زمی‌وه‌نه‌وه‌شه وجۆ وکه ناران لاله‌په‌یدا بوو
به تاریکی خضر بوچه‌شمه شای ئه سکندری هینا

که اسلامی به‌هار فتوای جهادی کافری ده‌ی‌دا
سنه‌وبه‌ر نیزه گولبن گورزوسووسن خه‌نجه ری هینا

نیگارستان به پا اندازی سلطانی به هار هاتن
سمن دیباشه قایق ئەتلس و گول٧ مجمری هینا

له شادی داره گول مسند نشین بوو هاته پشکووتن
چەمن تەختوزومرەد گول له یاقوت ئەفسەری هینا

لەبەزمی نیرگس و نەسرین به دەفعی چاوەزاریمرو
دل آیه ی ان یکادی بوقه دوبالا و سه ری هینا

لەمەیخانەی چەمەن بەزم و طربینان گرت مەی نو٧شان
شه قایق باده نسرین کوپەی می ئه حمری هینا

لەدەنگی ساز و چەهچەی بولبولان سوتاهه مودونیا
صدایی تارەزن آوازی خو٧شخوان آووریی هینا

حکایاتی غریبەی پی یه بولبول جملهخو کردی
دەلی٧ی چاپاری ایران روو٧ژنامەی اختری هینا

بەشەوقی رویی لالە و گول لە باخان واچرا خانە
دەلی ی باخ جنتە ئەمسال بەری حوروپەری هینا

لە گولشەندا ریاحین مەستو شادابو هەواخوانن
دەلی ی رضەوانە بواهلی بەهەشتی کەوثری هینا

شکوفە و گول بەعیشوە خەندە آرامی دەرونیان دا
بەهاربو ۷ خەستەگانی خوی چە شیروشەکەری هینا

بەزەرد وسوورەوە خەملییوە بوداماوی بولبل هات
وەرق معجر ئەرز گولگونە شەونم زیوەری هینا

هەموو کەس چاورونی لیك دەکەن وەك سورمەیان دیبی
مەگەر بادیی صبا خاکی گوزاری دولبەری هینا

چە دولبەر آفتابی و ماه رویان وشەکەر لیوان
کە خەندیکی لەصحرا گول لە دەریا گەوهەریی هینا

بەبی شاباشی سەر بەقصەی (وفایی) گول ۷ چراغ نابی
کەبولبول گیانی بو ۷ گول ۷ بردو پەروانەش سەری هینا

الامان سەر تا قدم سوتام و جانانم نە هات
چاولەسوورمەی‌خاکی‌ر‌ی‌بووم راحتی‌جانم نەهات

خال و خط گو‌لزار رەنگی شوخ و بی‌باکم نەدی
زولف هندو روو فەرەنگی شاهی خوبانم نە هات

ئەی عجب گریام وەکووهەوری بەهارانووکە چی
پیکە نینی ئەوگولەی کاکو‌ل پەریشانم نەهات

چاوی خوینین شیتی بەروین بولبولی مهری گولم
مات و حیرانم لە سەرچی ماهی تابانم نە هات

حلقەیی زیناریی زولفی بو‌بە محرابی دوعام
تورکی کافر کیش و یاری نامسلمانم نەهات

تشنەلب دیوانە بووم سەرگشتەی ظلماتی غم
دلبەریی بالا‌بلند و آوی حیوانم نە هات

کعبەیی روحم حبیبی من عجب پەیدا نەبوو
قبلەکەی دینم طبیبی دەردی پەنهانم نەهات

نەی صفت نا[٧]لینمە بولبول طریقت شیینمە
شای شە کەرلیوانی گول ئەگریجە لەرزانم نەهات

بو بەخوین خونچەی دلم نەمدی هەوای خەندەی گولم
سو[٧]ت دەرو ژورم صدای برقی بە هارانم نە هات

چن بە چن گریام هەوای عشقم لەسەر خا[٧]لی نەبوو
غرقی طوفان بووم کەچی تسکینی سوتانم نەهات

وەك ( وەفایی ) تابەکەی بگریم بنالینم بلیم
الامان سەرتا قدم سووتام وجانانم نە هات

بولبولی جانان لەکو[٧]یە تا بر[٧]یژی خوینی ناب
ساقی کوثر کجا تادر دهد جامی شراب

غنچە روو گرژەوە نوشە ماتە گویابو[٧]یە کە
چون پریشان گشتە بر روی تو زلف پرزتاب

دابزانن رو[٨]ژوشەو هەر دوو لەلایە دینە دەرك
زولف وروی خود عیان کن برفکن بنداز نقاب

ذوقی حەندە وشەوقی جلوەی تو٘یە حیرانم دکا
شهد و شکر بین که ریزد از تکلم آفتاب

ماچی لیوت ئەودەمەی خوشە کە بیتە پی کە نین
خوش بود گل بشکفد بلبل شود زو کامیاب

موجی گریانم گە یشتە روی و چاوی لی نە کرد
سیل بر گلشن زد و نرگس نمیخیزد ز خواب

لە ودەرەمەمکوژەچونکو وشیتی زولف وروی توم
عاشقم صید حرم سەودائی و مەست و خراب

قەت بە مفتی دامەنی ایدیی (وەفایی) فرصتە
گوشۀ گولزار وجامی بادە و دە نگیی روباب

گولندام ئەی تەنافی گە ردنم زولفی پەریشانت
علاجی چارەیی روحمی امن دەستم بە دامانت

غریبی تو٘م نە خوشی توم بە گوشەی چاوی بیمارت
اسیری توم شهیدی توم بە نوو کی تیبریی موژگانت

اشارەت آفتی روحم کلامت غارتی کردم
تبسم سیحری لیوانت تکلم زیر[٧]و مەرجانت

مەگەر سەر تاقدم زولفت وەکو من خاو وشیواوە
کەسەر گەردانی سەودایەلەسەر چاکی گریبانت

دە[٧]لی ی شەکەرفروشی شاری مصرەوا بەشیرینی
بنازم خا[٧]لی وەك هیندولە گو[٧]شەی لیوی خەندانت

ئەگەر د[٧]ل بوو ئەگەر دین دامەسورمەی چاوەکانی تو
بەسم سەودازەدە ریسوا کە توبی و دین و ایمانت

تەلەسمی بابلە سیحری حلالە رەنگی ریحان بو
شکەنجی بەندە یاخەرجی دلا[٧]نە زولفی سەرشانت

بە آزادی لەکن خوی شهرەیە من مات وحیرانم
هەموو نارنج وبەی هیناوە خوسەروی خەر امانت

لەبەر چاوت بگریەم یالە دەس تو[٨] من نبالینم
لەبەرنەیرەنگی مەستان یالەسیحری رەنگی دەستانت

دلم سەودا زەدەی بالاتە خوم دلدادەی ئەبروت
بە بالا دل بەلا گیرن بە ئەبرو خوم بە قوربانت

لە دادی من بپرسە جاری ئەی سلطانی عیشوە وناز
بە ناحق بوچی بەکووژ[٧]ی اشارەی چاوی فتانت

(وەفائی) کەوتەحلقەی زولفت ایدی مەیدە بەرموژگان
کە من کوشتەی تەنافت بم چە حاجت تیرە بارانت

✿ ✿ ✿

چیشتم ئەمرو ژەهری مارو یاری شیرینم نە هات
زامی کونم هاتە ژان ومەر[٧] همی برینم نەهات

من غمم خواردو غمیش خوینی دەرو نمی خواردەوە
بو[٨]یە گریام چەند بەچەند فرمیسکی خوینینم نەهات

دلدە سووتی چین بەچین دەشکیتە سەر یەك وەك فەنەر
صاحبی ر[٧]ووی آتەشیین و زولفی چین چینم نە هات

گوی٘ سەرم چەو گانی محنت دایە بەر خوی رای وفاند
ئەیعجب بو٘ شە هسەواریی خانەیی زیینم نە هات

چاووە کووهەوریی بەهاری خو٘ین دە گریێت ودە٘ لی
خاوەنی ژینوو حیاتم ماهی کنعانم نەهات

غم سەری لیدام ویارم قەت سەریکی لی نەدام
عقلوو هوشم روەیوە غارتگەریی دینم نە هات

یارهاتە تبسم بە هە ناسەی منی مبهوت
پو٘ل پو٘ل بە نەسیمی سحری خونچە دەپشکووت

وازولفی لەسەر گەردنی لاچوو بە هە ناسەم
شە وفجری بەیان بوو کە نسیمی سحر ئە نگووت

هاروتی٘ دلم٘ هات ولە چاهی زەنەخت کەوت
سەر گشتە لە دوو غمزە و دوو نەرگسی جادووت

ئه بروت مددی زولفی به کیشانی دلاندا
بویه که وەها خەم بوە شاهینی تەرا زووت

صف به سته هه مو منتظری ئەمر ونگاهن
قول‌لایی‌موژه و چاویی‌رەش‌و گوشەیی‌ئه برو۲ت

هەر ییکی لەلائی بەتەمای قتلی (وەفایین)
تابوری حبش‌له شکری چین عسکری هیندوت

---

آرەق روی داگتر تی له به ربی که نینت
شەونم‌له گول باری ر۲وژگرتی په روینت

تو خوا زولفت لاده تاتیر کولمه ت ماچکەم
ری‌ی بولبول بانه‌گیری له و باخه په رژینت

زولفت بوخوی چینه به چین به رووت داخست
بابچین ماچکەین دەستی شای چین و ماچینت

چاوبازەی چاومەسته له وبادەی ئەله سته
دەستم بگره هەمسته تو۲و دیین و آیینت

کەو تومە نیو زولفت بو^خوت بگرە دەستم
کافر بووم بی‌ایمان تو و مذهب و دینت

شە و تاسحر وەك گول دل پرلە خویناوم
یا خوا شە مال بینی بو^نی عرقچینت

روحمت پی‌دا نەهات شیرین خود اگییربی
ر^وحی بوتو دانا فە رهادی مسکینت

ئەمرو (وەفایی) بوچ شیت بوو وە کیوان کەوت
سەد خوسرە و وفە رهادە بو^لبوی شیرینت

حبیبم ئەی بە غمزەآفە تی‌دل چاوی بیمارت
ئەمان سەرناقدم سوتام لە دوری نوری دیدارت

بکە روحمیك وەفا دارم بە حالی زاروهاوارم
کە واوەك بولبولی‌زارم دەنالم بو گولی زارت

ئەسیری زولفی خاوی‌توم شەهیدی رەمزی چاوی توم
ئەمن گیراوی داوی توم بەسەرچی٧ دلبر یندارت

سەرم ناوی‌ئەگەر نە یخەم بحلقەی‌زولفی‌چەوگانت
دلم ناو٧ی ئەگەر نە یکەم بە فدیەی چاوی عیارت

شەهیدی نازی توم و داغداری باغەوان ئەی گو٧ل
لەجەوری تو بنا٧لیم یالە بەر بیداری اغیارت

ئەمن نەمدیوە هیندوو باخەوانی باخی حسنت‌بی
بەشیرینی چە دلکیشە بنازم خالی رو خسارت

لەلایی شەکە رستانە لە لایی آوی حیوانە
ئەگەر گو٧ل‌بی‌وەگەرخونچەلە بوزاری‌شەکە ربارت

(وەفایی) دوورلە وصلی‌تویە پابەندی تەلیسمیکە
لەسەرگە نجی جما٧لت کە وتە داوی زولفی‌رەشمارت

له ژیر زولفی سیادا رووی ٧ وه‌ده‌رنا چاوه که‌ی‌را کرد
شه٧وی دی‌صبحده‌م گویا ده‌رو مه‌یخانه‌یان وا کرد

به‌آوو ره‌نگورووی‌حوری ٧ به زولف و کاکولی‌غلمان
گو٧لاویاندا له مه‌یخانه غباریان عنبر آسا کرد

به‌ره‌نگی چاوی خوی‌ساقی له باله‌ب جامی مه‌ی گیرا
به‌تاری‌زولفی خوی‌مطرب‌ده‌ماده‌م چه‌نگونه‌ی چاکرد

خه‌رامان هاته نیوصه حنی چه من دو٧ینی به ره‌عنائی
تروسکه‌ی رووی تابان هات و کفر ودینی یغما کرد

به شانه کاتی دایهینا به عیشوه زولفی سه‌د ته‌رزی
زمین و آسمان له‌رزی سجودی رووی دلارا کرد

شه که‌ر خه‌نده‌ی گو٧لی زاری دلی هینایه هوشیاری
مه گه‌ر گو٧ل‌قه‌ندی لی باری که وا بیماری احیا کرد

هەزارتا زولفی وەك سازیك بە نازو عەمزە پەردازیك
کە هەر سازی بە آوازی دوودونیای پر لەغەوغا کرد

لەعکسی شۆ خوشەنگیکە جهان گولگوڵ بەجەنگیکە
هەر اوراقی لەرەنگیکە بەیانی حشی یەکتا کرد

لە تاتازولفی شەوگاری درەخشان نوری روخساری
لەهەر حلقیکە سەدتاری دوصد خورشیدی پەیدا کرد

غروری حوسنی خۆی دابوودەمی پرخەندە کردوچوو
چیە تاوانی من فەرموو (وەفاییت) بۆچی ریسوا کرد

هەوا بۆنیکی چینی زولفی کردر بعدەشتی هەر راکرد
صبا عطریکی خونچەی زاری هینا روی لە صحرا کرد

نیشانیکی لە انواری جماڵی خوی بەشم بەخشی
سەراسەر گیانی پەروانەی پڕی سووتانی سودا کرد

نسیمیکی له باغی حوسنی خوی هینا به گو٧ل دادا
سه‌راپا بولبولی زاری پری ناله و تمنا کرد

که‌مان ئه‌بروی په‌یوه‌ستی به غمزه‌ی چاوه که‌ی مه‌ستی
که دای تیریکی سه‌رده‌ستی له جسم وجانی آوا کرد

مه گه‌ر موژ گانی نه‌شته‌رپووحکیمی چاوی دولبه‌ر بوو
که‌خو٧ینی د٧لمی پی‌ده‌ر بوو نه‌خوشی خو٨ی مداوا کرد

وتم ئه‌ی شو٧خی چاو به ستم خراب وعاشق ومستم
له کو٧ی من غیروصلی٧ توم له دنیای ایسته داوا کرد

د٧لی دا د٧لشکستی خو٧ی هه‌لستاهات به‌ده‌ستی خوی
به جامیکی الستی خوی (وه‌فائی) شیت وشه‌یدا کرد

☆☆☆

یا رسول‌الله دخیلك رووم نیه بیمه حضور
وه‌ك‌دزان گه‌ردن كه‌چ وشه‌رمه‌نده‌ویستاوم له‌دوور

گەرچی سەرمایەم نیە خو٘ مستحقی رحمتم
رەنگی زەردوروویی رەش مووئی سپی فرمیسکی سوز

وەك لەلاوەبی شعوریك بیتە تووشی دام وداو
تووشی نفس و تووشی شەیتان بووم غریب و بی شعور

مستحقی رحمتم ئەی دو٘ستی حق وەی مەستی حق
دەستی من بگرە لە نارو بمخە نیو دە ریای نوور

روح لە سەر لیوم نفس گیرەلە نیو خەوف ورجا
چاوەری ی فەرمانی تو٘یە بیتە دەریا بچە ژوور

تابی گیسووت وەحتی خەندەتابشی رورت بو٘ دەمم
نەردەبانی عرش وپایەی لا مکان مایەی حضور

تاخەس و خاشا کی بەردەر گائی تو٘م بو٘ دەست بدا
چیم لە گولزاری بە هەشت و لذتی حور وقصور
یادی روی تو٘م کردو آرامی نەهیشتم نوری حق
آوری تی بە ردام شعاعی رو٘ژ بە تقریبی بلور

دەنگی بی‌رەنگم صدای هات رەنگودەنگم پی نەما
باغی روح ئەفزادە پشکوتن لە پووشو ئەشکی سوور

رووی وەدەر ناوموی پەریشان کرد دلی پی دامەوە
یعنی هەر ئەمنم شفیعی عاصیان روژی نشور

تاقی ئەبروم دی عیان بووسجدەگای انس وملك
تا بشی روم دی وەدەر کەوت بارەگای نووری صدور

ئەی شەهەنشاهی سریری عرش روحانی غلام
چل چرای عالەم فروزی شانشینت ماهو هوور

شانشینت عرش اعظم جلوەگاهت فەرشی خاك
مظهری وعدو وعیدت حوری رضوان نەفخی سوور

ئەی گولی گولزاری وحدت سەروی باغی اصطفا
عارضت فصلی بەیانان قامتت وقتی ظهور

باوەشینی روی تویە شاهبالی جبرئیل
گەسکی بەردەر گانەتە کاکولی غلامان زولفی حور

خو٢شنویسی مصحفی رووت بو٨ ره‌واجی حسنی تو٢
خو٨شخه‌تی کیشا له سه‌ر آیات و تورات و زه‌بور

گر تجلای حق مرادی جیلوه‌ی رووی تو٢ نه‌بوو
چاوی موسی که‌ی ده‌بوو سوور بی به‌سورمه‌ی کیوی توور

تو٢ خه‌ی گیسووت که سورمه‌ی صبحه بو٧ رو٢ژوشه‌وی
تو٢ خطوطی رووت که تفسیره له‌سه‌ر آیات و نوور

ده‌م به خه‌نده یه کده‌م ئه‌ی کشافی سری لامکان
کافیه جاری بفه رموی بو٧ ( وه‌فائی ) یا غفور

☆ ☆ ☆

ئه‌ی چرای ظلمتکده‌ی دل ئه‌ی جلای نوری بصر
تو٨و جمالی با کمالت آفتابی یا قمر
شه‌و ئه‌گه‌ر تو٢ ماهتابی انتظاری تا به که‌ی
رو٨ژ ئه‌گه‌ر تو٧ آفتابی بو٢ له هه‌وران نایه‌ده‌ر

جیلوەیکت پر بە عالەم بو شەهیدان عمری نەو
خەندەیکت پر بەدەنیا بو نەخوشان گولشەکەر

آب و تابی رووتە یانە سوەزش و گریانی من
گا غریق و گا حریقی مەهری تووەك نیلوفەر

آوی چاوم بوتە مایەی سوزش و گریانی دل
گا نەخوش ومەست وحیران گا بەهوش و باخبر

وافیگار ورەنجە روەم کافر بە حالی من نەبی
بی قرار وئەشکبار و دوورلە یارو دەر بەدەر

هیندلە بەر آوری فراق و اشتیاقت مامەوە
بووبە کوی زوخال دەرونم بووبە خوین گیان وجگەر

دەستی من دامانی زولفت بالە رووت محروم نەبم
رەوشەنی مشکل گوشای شەوزیندەدارانی سحر

دوینی دەیفەرموو بەهە ویای وەصلی روخسارم مەبە
تاوەکو زولفم نەبی گەردن کە چی دەستەو نظر

صد شکر هینامیه بەرئەبر و لە قیدی زولفی خو[۷]ی
پاشی عمریکی دریژ بالی هرمای آویژتمه سەر

حوری عین روح‌القدس یاخو[۸] ملائك یا پەری
یائەتو[۷] بووی و اخرامان هاتی گیانم هاتە بەر

خو[۷]ش بەنازفەرموی (وفایی) عمری خو[۷]ت پوچ را بوارد
یا بەقوربانی دەمم بوو یا بەسەر گەردی کەمەر

✿ ✿ ✿

شەو لەخەودا من چراغ بووم دل چراغ بووجان چراغ
ئەی لەبەر عیشی شەوی دیی گیان چراغ جانان چراغ

گەه فرشتە گەه پەری گەه حوری عین گاهی ملك
گەه قمر گەه مشتری گەه هرو[۷]ژ گەهی رەخشان چراغ

رەنك بەرەنك زولفی درەوشان دەمبەدەم روی خوی نواند
چلچرا یاشه وچرا بوویا بەسەد رەنگان چراغ

رووی لە تاتا زولفی دەرخست هاتەسەر روی مرحمت
نەو بەهارو شەوبەهار بووا کە دایسا شە وچراغ

روە ونەقی حەوت آسمان بوو زینتی روی زمین
هەر وەکوو بو[۷]شانشین و منزلی شاهان چراغ

روو لە حلقەی تاری زولفان‌دەم بە قاقای پی کە نیین
وەك لە کن کانی حیاتی شە و هەزار تابان چراغ

تابی سنبل تابشی گول نیو نیگای چاوی خومار
نشئە بەخشە گیان فزا وەك شەو لە مەیخانان چراغ

عکس رووی یارم کەهە ل دیتولۀ بنوخالان ئەدا
وەك بە گول گولشتەن چرابی سنبل ورەیحان چراغ

دولبەرم هەرروی لە من کردئەوشەوەم لی بووبە رو[۸]ژ
من دەسوتام وعجب مام من چراغ بووم یان چراغ

دل لە لایی تەن لەلایی وەك نە یستان آوری گرت
مسجد و دیر و کلیسا ماوە بی تابان چراغ

دارو بەرد وەك من دەسووتا دەر نەما هەیوان نەما
ظاهر و باطن چرا بودار چرا هەیوان چراغ

زولفی تۆو روخساری تۆیە یا شەوو رۆژی وصال
رووی تۆ وبالایی تۆ یە یالە سەروستان چراغ

ناگەهان دولبەر نیهان بوو بووبە رۆژی رەستخیز
کف زنان مەیخوارە ویران مەیکدە گریان چراغ

شعشەی خورشید نیهان بوو لال و کەر بوو نیلوفەر
مات وخامۆش ما (وەفایی) وەك سحر گاهان چراغ

# شیین (مرثیه)

بو[٧] بەهەشتی شیخ عبیدالله شەمزینانی‌یە کە لە (طایف) وە طوانی پاکی بە گیان آفەرین ئەسپاردوە :

دزیغا بای خەزان دایە بەهاری شو[٧]خ ورەعنا کەم
لە اظهاری عمل کەوت آفتابی عالەم آرا کەم

وەرەق ریزان خەزان کەوتەرزان وضعی چەمەن گو[٨]را
بەسەرچوو فصلی گولگەشت وتەماشای باخوصحرا کەم

خەزان هات وچەمەن چو[٨]ل بوو لە نغمەی بولبول وقومری
دریغا حسرتا بو[٧] گولعذاری سەر وبالا کەم

له گریان آسمان دامانی سووربوو شینی گیر اوه
مه گەر گیراوه یا مائل بەشه و بوو رو^۷ژی روونا کەم

لەمن دوور بو^۷تەوه خورشیدی اوجی معرفت شایەد
بەتیغیغەم سەری خو^۷م هەلگ^رم هەمردنگی جوزا کەم

لەمن وەحشی بوه آهوو خەرامی لاله روخسارم
مه کەنمنعم کەهەروەك شیتوهاران ر^۷وولەصحرا کەم

به محرومی لەگەل بەختی سیادا ماوه فرمیسکم
له سایەی هیجرتی خورشیدی عالەم وا ثریا کەم

ئەوا چون بەختی من ره شبوو تەرازووی واترازاوه
دەبی میلی به(طائف) کردبی تاثیری شعراکەم

وەفایی پیت بلیم دونیا ودینم بو^۷چی وا تیکچوو
دەلین رو^۸یی لەئەم دونیایه قبلەی دین و دونیا کەم

نشاط و عشرتی دونیا به نشئەی قوه تی چاوه
ئەمن چبکەم له دونیایی که رو^۸یی نووری بینا کەم

کەتۆ رۆیی لەبەر چاوم کورەی خاکی بەآودا چوو
لەپاش تۆ ئەی گولی نەورەستەخاکی کۆی بەسەردا کەم

خوشا بەورۆژە عکسی پرتەوی حوسنت لەسینەیدام
ئەویستاش مەست ومخموری تجلای نوری سینا کەم

خوشا بەووەختە تۆ مراتی دلبەر بوی بە دلدارم
ئەویستاش مەستی دیداری جمالی رۆژی صهبا کەم

بە یادی پی کە نینی تۆ کە دە گریم و دەبارینم
دەبیتە منبعی شیر وشەکەر سۆیراوی دەریا کەم

کە دە گریم بۆ جمالی تۆ دیارە ئەشك وآهی من
لە خورشیدی دە داتن دەم ستارەی شامی یلدا کەم

بە داغی تۆ یەوادەم دەم خروشی آە ونالەی دل
لە تاو گولشەن دەنالی عندلیبی شیت و شەیدا کەم

فلك خانەی خرابی بەزمی مەستانی وەها تیکدا
نما داری لەسەر بەردی بە دەردی سەر چوآوا کەم

له ژیر بالی هوما جیی بازو شاهین قصری شاهان بوو
دریغا ایسته ویرانه‌ی سیسار و کونده جیگا که‌م

له نالین که وتوم بو[٧] ده‌ستی یارو مطربی مجلس
وه کووتای پچکر[٧]اوه تیکچووه به‌ن به‌ندی اعضا که‌م

دلم بیهو[٧]ش وخوینباره له دووری نیرگسی ساقی
صراحی که وتوه ده گری ده‌لی کوا باده‌په‌یما که‌م

ئه‌من شاییم به‌تو[٧] بووچونکو وشاهی خه‌مره وینم بووی
که من شاییم له دل ر[٧]ویی ده‌سا من دل به کی شا که‌م

شکا پشت و دلی من بو[٧] وه‌فاتی پییری مه‌یخانه
به چه‌رخیکی فلك وایکرد نه جامم مانه مینا که‌م

له‌سه‌ر حه‌وزیی ده‌رونی چی به‌سه‌رهات هاتوچو[٨]ت قوربان
کوائه‌م کوثر و خلد و خرامی نخلی طوبا که‌م

صدای یاحی ده‌رویشان نه‌وای یاهوی پرایشان
له‌ده‌وری خانه‌قادا بووبه اسم وجسمی عنقا که‌م

هەتا کەی قلبی من دەرهەم بێ ئەی اکسیری خاکی من
لە خاکی کوی مقیمی پیم بلی قوربانی ئەوخاکەم

لەسەر خاکی دەرت قوربان هەتا من بم هەتاسەربێ
ئەگەر تاجی سکەندەر بێ سەرم ناوی لەسەر ناکەم

هەتا رۆژی ابد قوربان لەسەر عهدی الستی تۆم
بەهەشتم لی حرام بێ گەر بەبێ رووی تۆ تمنا کەم

جنازەم دی سەری راکرد وفەموی گویم لە قالت بوو
دریغاجی بەجی بوو هاتەدی تعبیری رؤیا کەم

خودا بۆخۆی دەزانی منبعی نوری خودایی بوی
دریغا نخلی ایمەن مظهری نوری تجلا کەم

نسیمی فیضی تۆ دین و دلی دووبارە احیا کرد
دەریغا وەك مسیحا باعثی احیای موتا کەم

دلیلی تالبان بووی بۆخودا لیم سوورە وەك رۆژە
دریغا مرشدی دەوران و خورشیدی هویدا کەم

لەسایەی تۆ گەلی کەس بوون بەعارفی ریی خودایان گرت
دریغا عارفی ریگەی خودا و اهلی تقوا کەم

مریدانی درەی تۆم دی بە چاوی خۆم لە انس وجن
دریغا بۆ امامی انس وجان مولای اولا کەم

ملائك هاتوو پیی گیرا بە بایەك نووری کووژاوە
دریغا رۆژی عرفان وچرای تاریکی ریگا کەم

لە حاقەی طالبان واهەر دەباری نوور لە تشریفت
دریغا بۆ سەر وسەر حلقەی اولادی طاها کەم

ئەمن نادان ونە مزانی ئەدی بوچ عارف وعامی
وەکوو پەروانە سووتا بوون لە بەر شمعی شەو آرا کەم

لە بەر چاوی نە زانان ساحر وزندیق و کافر بووی
دریغا پیری بسطام قطبی خرقان غوثی بغدا کەم

بە داوی دانە بوو گیرا بە دەریای علمی اسماوە
لەسەر چی هاتە خوار آدەم لەسەر فردەوسی اعلا کەم

په نای بو٧ برده بەردار ودەشی‌زانی دەبی شەق‌بی
نه آخر صاحبی آیات و معجز بوو زکریا کەم

له سرری نووری چاوانی عجب بی‌نور وحکمت ما
بەلی بو٧چ پیری کنعانی دەگریا نوری عینا کەم

سلیمان خاتمی‌ون بوو له‌حکمت ماوه نەیفەر موو
بە٧لا سەخرەی بەآودادەم بەلاآصف لەدەریا کەم

کلیم ایستانه بووچەندەهەزارمعصوم لەسروی چوو
دەبی جوابی‌چەبی رو٧ژی جزا گوستاخه موسا کەم

لەبەر قومی منافق بو٧دەبوو هەلبی‌که دەیزانی
مقامی خو٧ی وەکوو رو٧ژ روونه روح‌الله عیسا کەم

صحابەی بو٨شکان و بو٧شهید بوو گەوهەری‌پاکی
محمد باعثی بوون شاهی تاج و تختی لولا کەم

شهیدی دەستی کافر بوون که اکثر اولیای دین
جوابی مدعی چبدەم سکوتی چی بی‌انشا کەم

به منهاجی خلیلی حق بەمعراجی رسول‌الله (ص)
دەبی‌هەر بیتەجی امر و ارادەی حق تعالی کەم

بە حقی نوری مطلق جدی امجد شاهی لولاتان
امامی یثرب و قبلەی ملائك ماهی بطحا کەم

ئەتو[۷] چووی بوجواری حق و مادل[۷] حەپس‌وزندانی
غەمی بەندیت هەبی ئەی سید و سەرداری مولا کەم

بەصورت گەرچی لیم دووری بەمعنا برقی مستوری
بەلی[۷] بەرچاوی‌منظوری‌دەلی[۷]ی‌تو[۷]ی‌نوری بینا کەم

لە کو[۷]ی بت‌بینەمەوەشادبم‌بەروی تو[۸] بی‌یەسەر چاوم
مەگەر چاوم لە دل بی‌سینە کەم آوینە سیما کەم

دەمت بینە دلم مە شکینە دەستم بگرە ئەو جارەش
بە هوشیاریم دەیە ساقی کەنەرژی جامی صهبا کە م

غریب وبی کس وآوارە کە وتوم دوورلە خویشانم
بەدەردی بی‌دە وا ماوم رەفیقان کوا مسیحا کەم

خوداوەندا رحیما قادرا پەروەردگاری خوم[۸]
کریم و حی وغفار و قدیم و فرد ویەکتا کەم

بەحقی نوری جدی پاك و بی‌مانند و بی مثلی
بە اسمی اعظمی خوت[۷] ئەی خودای ستارودانا کەم

بەروحی خواجەگانی نقشبندی قبلەگاهی خوم[۲]
غریب وجان سپاری کعبە قطبی دین و دونیا کەم

بەسەر مەستانی بادەی ساغری عهدی الستت کەی
بە قطریکی نجاتم‌دەی‌لەدەست خوم‌رو[۲]لە دەریا کەم

بە حقی چوار یار و آل واولادی محمد کەی
بەانصار و مهار خانەدانی قطبی یەکتا کەم

بەقوەی جاذبەی دلتان (وەفایی) دەست و دامانە
چەنابی گەر لە سایەی ایوە قطعی ماسوی‌الله کەم

## بوٚ شەهیدی نیشتمال

حەزرەتی شیخ عبدالقادری غەوثی ثانی داناوە

گادە گرییم گادە سووتیم غرقی آو و آورم
آخ لەبەر بختی سیا نازانم ئەز بوٚ چ نامرم

هەر کە دەت بینم دەلێی توٚ شەم منیش پەروانەتم
تاسەرا پا نەبمە کوٚڕی زوخال قەت آرام ناگرم

هەر رەگەم تاٚ ریکە نالەی دی لە شەوقی روی توٚ
عندلیب و مطربم خوشخوان گولی راموشگەرم

عکسی زولفی رووتە مایەی جوششی گریانی من
چبکەم آخر چاو پرآوو دوودی عودی مجمرم

حەقمەخوین بگریم لەبیدادی خەنوو جەوری نگات
من کە گیروٚدەی فەرەنگ یەخسیری دەستی کافرم

پی کە نینت جذبی کردم بوٚ سەری زولفی سیات
توتی شیرین کلام پابەندی داوی شەکرم

گا پەریشانی روخ و گا دلشکستەی قامتم
هەروە زولفی‌تو۷ دەچم سەر گشتە وسەودا سەرم

گەر بەنازهەردە مکوژی باتیر۷ببینم‌چاوە کەت
لیم گەری‌جاریك بە کووچەی‌مەی‌فروشان‌را برم

دوور لەتو۸زو۸ر بی قرار بووم تا بەلطفی‌چاوی کال
زەحمتت دا بەرطبیبان هاتی ایمرو۷ چاترم

حاصلی‌سەیر وسلو کم‌چوو بەخەندەی‌لیوە کەت۸
گافنا گاهی بقا گا غائب و گەه حاضرم

زاهد انصافت‌هەبی‌تو۷ چیت لە رەندی‌بادە خو۸ر
تو۷و بە هەشت‌وحور وغلمان‌ئەمن وچاوی‌دولبەرم

وەك(وەفایی)دل بدەودین دانی بو۸ صاحب دلیك
تا بزانی بو۸چی من عاشق بە حسنی‌قادرم

کەر لە احوالم
بە گولزاری کرم قوربان دە پرسی
نەخوش وسەرخوش ومەستوخماری چاوە کەی کالم

پەریشانم بلاوم تیکشکاوم خاو و شیواوم
دەلی‌ی شاماری زولفی‌توم لە دووی توشیت وعبدالم

بە نازی‌چاوە کەی‌بازی کە بازی‌دام‌هەتاپیر بووم
دە ترسیم هەر بەبازی‌بمکوژی ئەم پر خطوخالەم

نەداغی جەرگی خو٢مزانی نەمایەی بەرگی خوینم
شهیدی دەستی‌عشقم لالە رەنگم من کە ر٢و لالم

دەلی‌ی بی‌هوش و گوشم مدتیکە هەر دەنالینم
خوداروحمی بکەی بەومرغی حەپسەی بی‌پەرو بالم

بفەرموو با پەریشانم نەکازولفت لە سە ر روی تو
امان یا کاشفی ظلمت‌دخیل ئەی‌شە و چرای‌مالم

کەخوت‌سەرمشقی‌زولفودەرسی بالات‌داوم‌ئەزچبکەم
نیشانی دەسی خەتی خوتم ئەگەر الفم ئەگەر دالم

ئەمن افتادە بووم بوخوت بەرحمت دەستگیرم بوی
پەشیمانی نەشیوەی تویە ئەی خورشیدی اقبالم

بەتیری غمزەئەمن وتەرکی رووی توقەت مەلی قوربان
ئەگەر قیمەم بکەن هەرروژ پەرستم هەر بەیك حالم

ایشارەی چاوو عیشوەی زولفەکەت بوە مرشدی ریگام
ئەگەر دیری مغان قبلەم ئەگەر زنارە بەر ما[٧]لم

ئەمن هەر توم دەوی جاچیم لەروح وچیم لە دین داوە
بە قوربانی تەماشاییکی تو سەدچار سر و مألم

لە نا و دەردی دلی دیوانە خوین دە گریم و نازانم
نەخستەی چاوەکەی مەستم نەرەنجەی پەنجەکەی آلم

بەمەرگی من بەرمزیکی بلی[٧] بە و چاوە حالیم کا
ئەتو نازدار و بیماری ئە من بوچ زار و بی حالم

کوتی بو[٨] کوی دەبەی روحت (وفایی) دەورەیانگرتی
نظامی پەرچەم و سەربازی زولف و عسکری خالم

خوشه روژی له عالەم دەر بەدەر بم
له نیو اوضاعی دو نیا بی خبر بم

له بەر بی تاقەتی دیوانه آسا
له غواصانی دەریا بی خبر بم

شەو و روژی له چولی هەر بەناله
حریفی شەو رەوی بائی سحر بم

نەزانی هیچ کەس ناو و نیشا نم
ئه گەر غافل ئه گەر آشفته سەر بم

له هەر لا با بسوورینی غبارم
له هەر جیگای پیویستا سوپەر بم

چرا یی هەلکری جانا له نیو دل
له روو ناکی دلی یارم خبر بم

له بەر چاوی تەرم سو۷رانی برزی
گە هی بی دایك و گاهی بی پدەر بم

خوداخو۸م چو۸ن بسووتینم بە جاری
له دەرد و داخی احوالم بە دەر بم

شە ویم هەر تا کوو رو۷ژی هەر بنالم
بە گریان دەست و دامانی سحر بم .

چەر یکەی چارە نابینم ( وەفایی )
مە گەر سەر تا قدم غرقی نظر بم

ئه گەر بی بادی زولف و چاوە کەت یەك لحظەصابر بم
اسیری بەندی کافر کوشتەی بیدادی ساحر بم

وصالی خالە کەی لیوت حیاتی عاشقە ئەمرو۷
بە حقی ساقی کوثر بە۷لا لەو بەزمە حاضر بم

نگاهی گەر می تاراجی هەموو دەردو وغمە وەك من
کوشندەی محنتە قوربانی نشئەی لیوی ساغر بم

وە کووپە روانە دە گریمو دەسووتیم دوور لەزولفی تو[٨]
هە تا کەی من لە داغی تو[٨] حریفی آوو آور بم

کەمەندی زولفە کەی تو[٧] بمکوژی من عاشقی رووتم
مرادو مطلب-یکی دیم نیە غیـری تو[٧] کافر بم

بەجذبەیی خالی[٧] رووت بە لکوو بەباغی حسنی تو[٧] شاد بم
دەبی من هەر لە سەر آیینی ابراهیمی و آزەر بم

بە خەند یکی دڵی[٧٠] لی بیماری ئەو چاوانە مە شکینە
لەئەم گول قدندە محرومم‌مە کە سا بە لکووچاتر بم

(وفای) گەر بەهە ویای وصلی زاری دلمەدە زولفی
محالی عقلە جمعیت کە من آشفتە خاطر بم

بە جاریکی تەماشای تو٘ فدات بم هاو دلوو دینم
ئەگەر سەد کار قیامەت بی دەمیکی هەستە بت بینم

لە غمزەی چاوە کەت دەتکی لەجەر گم‌خوین و نازانم
نە خەستەی پەنجەی بازم نە بەستەی دەستی شاهینم

مەگە رزولفوروخت‌وەك‌لالە حا٘لی‌بی کە من بو٘چی
جگەر سووتا وسەر تا پا غریقی بحری خو بینیم

وەکوونەی کونکونە چەر گم‌لە تا وهجرانی تو٘بو٘یە
بەسو٘زی نەی دە سوو تیم و بە نغمەی نەی دە نا لینم

ئەتو٘ سەرو یکی رەنگینی لە یبش چاوان چە شیرینی
لە بەر چاوم نەرو٘ی چاکە عزیزم گیانی شیر ینم

ئەتو گول عنبرین روویی منیش‌خاکی بەری پی تو٘م
لە من تو٘ زیز نە بی چاکە حیاتم غارەتی دینم

گوتم دا رورمەتت وابینە بگرم زولفەکات فەرموی
بلا گول تیك نەچی بولبول نە شیوی چت لە پەرژینم

بەباغم گوت بەرەنك و بوٚت مەنازە زەردە یا سووره
ئەگەر بارم هەموو سونبول بی تایەك زولفی نابینم

کوشتدەی من نەبوو هیچ کاس مەگەر سەر دانەی زولفت
ئەگەر بادم هەموو سونبول بی تایەك زولفی نابینم

کوشندەی من نە بوو هیچ کاس مەگەر سەر دانەی زولفت
لەروٚژی حشر خوینی خوٚم لەچاوی مەست دەستینم

لەباتی خوینی خوٚم وەك زولف تسکینم بە هیچ نائی
مەگەر دەستی شکەستی خوٚم لەگەردنی زەرد وەربینم

شکر قەدری نیە قوربان ئەگەر شیرین نەبی یعنی
دەبی توٚش لیوە کەت بینی ئەگەر من رورحە کەم بینم

بەنازی چاوی بازت وەك (ودفایی) کەوتە نیور زولفت
ئەو یستاش مەست وسەر خوشی شەرابی جامی دوشینم

## ﴿ پینج خشته‌گی ﴾

فەرمویە کە من پادشە هن حوسنی دلارام
خورشید ومەهی آوینە داری روخی زیبام
فردوسی جمالم بە نهالی قەدی طوبام
یعنی بە دوو لیو صاحبی اعجازی مسیحام
ماچیکی دە مم کافیە بو[۷] کوشتە بی بالام

فینجانی دەمت ساغری یاقوتی رەوانە
وەك نشئی حیانی دلە یا قووتی رەوانە
ئەو چاوە طبیب و بەلەدی دەردی دلانە
علت چیە بو[۸] من کە حکیمیکی نەزانە
جی‌ی نەشتەری ویی آگری بەردادلی سووتام

ئەگریجە و پەرچەم مددی پەرچەمی کالن
فوجی حەبەش لشکری سلطانی جمالن

دریشی روو ورەونە قی باخی خط وخالن
هەر ییکە لە لایی بە اومیدی سە ر ومالن
چون[٧] کە و تمەئەو داوە بە خو[٧]م ودلی شەیدام

من سوالکەری دەر بە دەری زولفی دوو تا بووم
تیکچوو کە ئە من عنبری تەر[٧]مسکی حەتا بووم
من هەم نفس و هدمدە می شازادە و شا بووم
تادیم گولی تو[٧] عاشقی ئە ندامی بەلا بووم
سەر گەشتە ئەویستا کەلە دووی گولبونی بالام

ئەبرو[٧]و جبین وروخی بی شبە و مثالن
تیکە[٧]ل بە گول و یاسەمەن و غرقی لالن
بو[٨]ملکی جەما[٧]لی کە شەهەنشاهی جمالن
یا شمس و قمر قوس وقزح بدر و هلالن
واجملە بلاون لە گریبانی گولندام

خط هاتوه دەورەی لەب ور ووی داوە لە سە ردا
یاخو٨ حبشی فـائقە داخی لە جیگەر دا
گولزاری دە می پوستە و باخی گولی بەر دا
یالە شکری کیشاوە بە ر٧ ی ی شیر وشە کە ر دا
شەریانە لە سەر کعبەی رووی کافرواسلام

ئەی مشکی خەتایی خط وخطجوهری کو٧ لمەت
ئەی سونبولی تە٧ ردو کەلی سەرمجمری کولمەت
سووتاوە ( وەفایی ) لە هەوای آوری کولمەت
سائە و دەمەوا ببنە ئەتو٧ بی و سەری کولمەت
غیری ئەوە بەخوا نیە لەو لیوە تمنام

گولە کەم دەلین ئەوادی هە موو وەختی چاوە چاوم
ئەی خودا تو٨ بلی ی وەها بی بیتەوە رونایی چاوم

سببی زولفی شیواوە حسنی رووی مددی پی داوە
من کەوا رو٨ژم بو٨تە شەو کە بەرو٨ژی رەش داماوم

تا بزانن تو[٧]گو لزاری رستەی سەر جو[٧]یباری
بەخەندە هاتی بە خیر بی ی قەدمت سەرهەردووچاوم

خوینی من بە گەردەنی زولفت بە اشارەی چاوەکانت
من ئەگەر شکاوە پشتم من ئەگەر جیگەر براوم

بە سەری خەدە نگی نازت جیگەری بریم چاوی بازت
بە اومیدی نازیکی ویم ئەگینا ئەمن نەماوم

دلی خو[٨]م آوری تی بەردام تالەتای زولفان رووی دامی
شەو هەتا نەگەرام بەچراوەشەو چرا نەهاتە بەر چاوم

ئەتوی نووری شەو بیداران ئەمن بو[٧]وەك شەم دایسیم
ئەتو[٨]ی گولی شای گولزاران ئەمن بو[٧]غرقی خویناوم

کەدەلی شەیدای گیسوومی چەدە کەی لەسەری سەودایم
کە دەلی ی پەروانەی روومی چدە کەی لەدلی سووتاوم

شەووروو[٨]ژ کەدەلین دووانن هەریەکن بودوونیەکبانن
من لە دوو لاوەی بروی توحەیرانی دوو زولفی خاوم

ئەی شمال ئەی شفای نەساغان وەرە تو[٨] بی وخالی رووی یار
بە گول و وە نەوشەی باغان بگە یینە دوعاو سلاوم

گلەیی لە چاوی کالتە کە معینی زولف و خالتە
دلی پر لە دەردو داخم سەریی پر تە لە سم و داوم

نە بە وصلی تو سرورم نە بە دووری توسبورم
گیژ وسەر گەردان وحیران هەروەکوو ماسی سەر آوم

بە نیگای تو[٨] و عرقی رووت دلوو دینم چوو نازانم
نەخوو ماری شرابی ساقیم نە مەستی عطری گولاوم

حقە کە وەکوو (وەفایی) شیت وشەیدای سەحرایی
مەلەکان خویان نیشا ندم پە ریان دەستیان لی داوم

✿ ✿ ✿

نە خوش ومەستی دو چاوی کالم
حقم بە دستە ئە گە ر بنالم

بەغمزەی چاوت بە خەندەی زارت
بردیان بەغارەت خەوو خیالم

بە تیری نازت براوە جەرگم
بە چاوی بازت نە ماوە حالم

من مرغی قدسی لە لامکان بوم
خولا٧یە روحمی شکستە بالم

شەویکە تاریك ری یە کە باریك
هەر بە اومیدی چرای جمالم

بە یادی چاوت چوومە خرابات
لە رهنی مەی داخەرقە و بەر مالم

صبا دە خیلم هە تا کوو ماوم
بلی بە زاری بە رو٧و بە خالم

دە میکی با٧بی دەوای دلم کا
بە چاوی کالی نە ماوە حالم

فەرمووت چلونی چون بم عزیزم
دوور لە بالای تو کافر بە حالم

کوشتەی بالای تووسەر گەردانی تۆم
وەك زولفی شەیدا بو تو عەبدالم

خوش بەوەدەما نە گولگولدپشکووت
شەکر دەباری پرسی لە حالم

وەك من بەچاوت ئەسیری زولفم
کەس‌وا نە گیری بە داوی ظالم

(وەفایی) چی دیت لە سەر بگیری
نە ما لە سەر ثو نە سەر نە مالم

خەناوی گرتوە پەنچەی‌لە خویناوی دلی زارم
ئەمەبەرگی‌شهادت‌بی کە کوشتەی دەستی‌دلدارم

کوتم آیا بە زاری خوت دەپرسی‌حالی‌زاری‌من
بروای هیناوە یەك وەك شکلی لایانی کەبیدارم

عجب ئەستیرەشەو هەلدی لەتاوی خوسرەوی خاوەر
لە دووری چاوم هەلنایی شەو ورو ژ ئەرچی بیدارم

بەسەر دەمگوت کەراستەسەر کەشیو بەرزی کەچی لەرزی
کە فەرقیشم بگاتە آسمان بەندەی قەدی یارم

لەشیرینی ئەتو[۷] ئەی خوسرەوی تەختی زەمین رەنگە
بگاتە آسمانی بیستوون فەرهادی هاوارم

برو[۷]ت بالی هوما پایەی بەسەر سلطانی حسنت بو
خطت هاتوو گوتی من ناسخی طغرای خونکارم

سەراپاهەر وەکوو حلقەی زری پەرویزەدی خو[۷]نم
بە نووکی تیر یی موژگانی زری دو[۷]زت بریندارم

نیگارا دلبەرا نامیهرەبان یاری جەفا کارم
بەزاری کوشتمت تا کەی دەفەرموی من وەفادارم

دەلیی مرغی شەو آهەنگەلە دەورەی نووری دیدارت
لە حلقەی زولفی تو[۷]دی دەمبەدەم نالەی دلی زارم

بە دەردی[۷] مبتلا بووم عارف وعامی کە حیرانن
وەکووچاوی نە خو[۸]شی تو[۷] نەمخمورم نە هوشیارم

گەهی سووتاوی ئەبرو[۲]تم گەخی پابەبەی گیسووتم
لەلایی[۲] رووبە محرابم لەلایی دل بە زنارم

نیشانەی قاتلی نامیهرەبانم ظاهرە یعنی
فەرەنگی خط وزەنگی زلف وهیندو خالی دلدارم

بە تاری زولف و چینی طرە دین ودل دەباچاوی
دەلی من خانە زادەی آسکانی چین وتاتارم

وصیت بی کەمردم تەخت و تابووتم لە عەعەر کەن
هەتا عالەم بزانی من شهیدی قامەتی یارم

(وەفایی) دوور لەتو[۸] پەیوەستە کاری شین و گریانە
لەبەر چاوت بەسەدجی وەك نیشانە دل برینداره

ئەی غارەتی هو[۲]ش وخیردم نیر کسی کا[۲]لت
رەوشە نگەری آوینەی دل عکسی جمالت

جاشا مه که قوربان له گوژاوی حه‌ت و خالت
اثباتی شهیدیم ئه‌وه‌تا په‌نجه‌ی آلت
ده‌ستم که نه‌گه‌یه به سه به‌و گه‌ردنه خوینم

وه‌ك زولفی ره‌ش و نیر گسه که‌ی فتنه گه‌ری تو٧
سه‌ر مستم وسه‌ودا سه‌رم و ده‌ر به ده‌ری تو٧
گه‌ردین بووئه گه‌ر دل بووه قوربانی سه‌ری تو٧
ایستا که له سایه‌ی سه‌ر و زولف و نظری تو٧
گه‌ردن که چی زنارم و مه‌یخانه نوشینم

رو٧ژ عارضی تو٧ آگری به‌ردامه هه ناوان
شه‌وپه‌رچه‌می تو٧ دوو که‌لی آویژتمه چاوان
به‌ند به‌ندی ده‌رونم هه‌موو سوتاوه له تاوان
نالدم وه کوو نه‌ی دی له خه‌م و حلقه‌ی داوان
له‌و شیوه وه‌رن گو٧ی بده‌نه شیوه‌نی و شینم

زولفت که‌له سه‌ر عارضی تو٧خوش حرکاتن
گو٨یا سه‌حه‌ری عید وشه‌وی قه‌در و به‌راتن

دائم ده گه‌رین توشنه‌ی خوٚینی شهداتن
دوو سه‌د كه فه‌ره‌نگی له طره‌ف رومه‌وه هاتن
بردیان به اسیری دله‌كه‌ی زار و حزینم

وه‌ك كافری تینووبی به خوینی سه‌ری اسلام
وه‌ك توركی له‌دین وه‌ربگه‌ری مه‌ستی مه‌ی آشام
چاوت به كه‌مان میهره‌یی ئه‌بروٚیی سیاقام
تیریكی وه‌ها سختی له موٚره‌ی جیگه‌ری دام
تا روژی حشر هه‌ر ده تكی خوین له برینم

چبكه‌م وه كوو قومری كه نه‌یی آه و فغانم
پر خوینه وه كوو نافه دلی به سته زومانم
هه‌ر لحظه به نازیكی ده كا غاره‌تی گیانم
راده‌بری به بای عیشوه ده‌لی سه روی زه‌مانم
ده‌نواری به تای زولف و ده لی آهوی چینم

سینه‌م هه‌مو سوتاوه له تا و آوریی سینا
دیده‌م هه‌موو پر خوینه به‌سه‌ر چه‌شمه‌ی مینا

ئەودەردە (ودفایی) کە لە چاوی کولم‌هینا
وی[٧] ناچی شفام بی بە دوسە دبو علی سینا
جاریکی مە گەر بی بەدلی خو[٧]می ببینم

تا بایی خەزان دایە گول وبەرگی رەزانم
سەدجی‌رە کوو بولبول بە جیگە رداغی خەزانم

وەك بەرگی گولم‌وی کە بە باچوو بەئەسیری
کپ کەوتم وشیت بووم عبسام‌لا[٧]ل بووزمانم

قومری وەرە هەر تا دەمرین پیکەوە بگرین
توو[٧] سەروی رەوانت‌چوەمن روحی رەوانم

بولبول وەرە تا روحی من و تو[٧]یە بنا[٨]لین
تو[٧] باغی گولانت چوە من داغی دلانم

ئەی‌معدنی‌شیرو شەکەرئەی گول[٧] بە رودلبەر
ئەی تازە گولی دارە گولی باخی جنانم

کە س‌سرری دەم و عشقی میانی نە دە زانی
ئە شکم بوە غەممازی هەموو رازی نهانم

تۆ چونکە لە لیلا گەلی شیرین تری بۆیە
مجنونی دەرو دەشتم وفەر هادی زەمانم

ایشم هەموو نالینە لە اێشی دلی رێشم
کارم هەموو گریانە لەبەر دەردی گرانم

بۆ گەردنی تۆ بو و مە اسیری سەری زولفت
من مـرغی شە وآویزم و عاشق بـە بەیانم

گیان بەخشە دەلێن ما چی دەمت وەختی تبسم
تا کەی بمرم مو عجیزەی ئەم سەروە نەزانم

جذبەی نیکەهت هوشی نەهییشتم بە برۆ و زولف
قبلەم چوە تـا مەستی مەیی پیری موغانم

فەرمووی کە لە گەل هاتم ئەتۆ روح بدە چاوم
سا ساقی جیهان جامێ کە هەر وا نیگەرانم

چاوت بـە نیگەه کردن وزارت بەتبسم
هاتن بە تەمای غارەتی عقل و دل و گیانم

ئەو دەستە سواریکە منیش تازە بە هاریك
ئەو راو و شکاریکە ئەمیش کاس و نەزانم

کیو٘هاته صداو ناڵە لە هاواری ( وەفایی )
جا ریکی لەتو٘ کاری نەکرد داد و فغانم

دەمیك ساقی دەمت بینەدەخیلی چاوە کانت بم
بەجامیك دەستی من بگرە فیدای پییری موغانت بم

لەدوولا مەست و حیرانم بە قووەی جذبە نازانم
نەسەر گەردی سەرو گەردن نە قوربانی لەبانت بم

چەخو٘شە وجهی سەروو گو٘ل بەدیینی قومری و بولبول
دەمیك شەیدای قە دو بالا دەمیك شیتی دەهانت بم

لە نیشانەی پەرەی جەرگم نەوەستا تانە گەییە دل
بە قوربانی خەدەنگی دەست و بازووی چاوە کانت بم

شفای دام غمزە کەی چاوت کەوا خوینی دلی گرتم
بە قوربانی مەداوایی حکیمی حالزانت بم

بە بی امدادی خالی گەر دێت دەردم شفای نایە
مەگەر بیم دەست و دامانی گەلاویژی بە یانت بم

لە وەصلی رووی تو کردم حجابی پیچشی زولفت
هە تا کەی دلشکستەی دەرد و تانەی با خەوانت بم

مقیمی خاکی دەرگای تو حریمی جنتە جیگەی
لە لطفی تو چە کەم نابی منیش ریزەی سەگانت بم

بە زولفی پر لە هاواری دلان کە وتووم ساروحمی
ئەمان سەر قافلە چی قوربانی زەنگی کاروانت بم

لەوی روژی کە رووت وا کرد و لیت پرسیم هەتا دەمرم
بەبوی جنت دەبی من هەر لە سەر رازی نیهانت بم

بروت تیکنادەمت و یکنالە دەریایی لطف تو دوورە
بە قوربان ( قاب قوسین ) مقامی لامکانت بم

ئە من کورد و دل افتادە ئەنو شوخ و عرب زادە
مەگەر بمرم بە بە ختی خوم دەمیکی هەم زمانت بم

بەیادی زولف ورووی تو^وەك (وفایی) هەر دەنالینم
دەبی تارو ^ژی محشر تازیە دارو رەوزە خوانت بم

ئەی حقەی شهد و شە کەرت آوی حیاتم
مردم بە بەدەن بینەوە بەو آوە حیاتم

آهوو کەدە کاجیلوە چە شیرینە نیگاهی
یەعنی بە فدای غمزەی دووچاوی سیاتم

سەودایی یە زولفی سیەهت نیم بە هەوایی
تا رو^ژی وەفاتم بەفدای مهر و وە فاتم

بروانە چلو^ن عکسی عذارت لە دلی دام
پروانە بە دل سووختەی شو^قی چراتم
زورمو نتە زی‌ری هاتنی تو^ بوم و نە هاتی
یارەب مددی سالکی ری‌ی هاتو و نەهاتم

گەر جی قدمی تو^یە هەموو تو^بی‌دل ودیدەم
هەر چەندی کە دوورم بە دل و دیدە لە لاتم

سەر گەشتەی سرری دەمی تو٘م بەم‌روخە دایم
گو٘یا کەدقیق ئەژمیری رو٘ژ وەختو سەعاتم

بەو رەنگە دلم داوە بە سحری سەری زولفی
تادل هەیە ممکن نیە لەو داوە نە جاتم

گر تووەمی قولابی موژە بو٘ خدمەتی ئەبرو٘
یعنی کە (وەفایی) وەرە من قبلە نماتم

﴿ پینج خشتەکی کوردی ـ وەفائی ﴾

ئە ری ئەی بە زولف و روخسار صنمی چین ماە تابم
دمە کەو خەندەکەی نیگاهت نمەك و مەزەی شە رابم

من لە بەر نیگاهت دمرم تو٘سەری غمزە کەی جلابم
بلی پیم گولەی بەهاری لە تو٘ تا بکەی جودابم
وەرەوە بە شەرتی جاران روژی سەد جارت‌فدا بم

بە ویرانەی دلی شیواوم شین وواوە یلایە رو٘ رو٘
آوریك‌بەربوتە هە ناوم دینە دەرلە هە ناسە م بوسو

بوومەئەفسانەی ولاتان شار بەشار مال بەمال کو بەکو
خالی چاوو گرشمەی ئەبرو دوو دینیان کردم لەسەر تو
یا بمکە پیری مەیخانە یامریدی خانەقات بم

تو فرشتە و ملك و پەری گولدەم و گولبەر و دلبەری
لەرەنك وفەرەنك و چینی شوخ وشەنگی خەتاو بەر بەری
ناسك و نازەنین و شیرین روژ آوینە رنگ اگری
لەنیو منظرەی دوودەری خوشە سەیری موجی بەحری
وەرە سەر چاوم عریزم چەدە کەی لە دلی کە بابم

ئەوشوخە بە تاری زولفان زنجیری کردم دیوانە
روحمە زوحی کیشاوم روح نیە لە روح بیگانە
آشکرا و دیار و مخفی دوور نیە نیزیکە جیرانە
غرضم چونکە پەنهانە وەرەزم لە و جسم و کیانە
بودەردم مەرگم دەرمانە هەرئەزم بوخوم جی مابم

روحە کەم روی خوت بنوینە تا بە کەی کوشتەی نازت بم
دەمە کەت وەتکلم بینە تا نە مردووم هەمرازت بم

جاریکی بەکرم بمدوینە بەفدای دەنگ و آوازت بم
مەیلی ئەبروی تو قەت نانیم غمزەدەی چاوە کەی بازت بم
من کە هاتم قبلەم گوری یا خوا کافر بی جلابم

عاشقی وادە بی بەهەموودەم چاوپر آو ودلبر ۲ا ومەحزون
پی ۲ی هەوای پشکی و نەی مینی غیری هولەدەرون و بیرون
خاکی ری ی دولبەرە بزانی سورمەیە بوچاوی پرخوون
سەگەکەی ری بازی لەیلی وەرە سەرد وچاوی مجنون
دونیام ئەو روژەلی روونە خاکی بەرپی ی آشنابم

بەزەییت ئەرهەبی یانەبی بەندەی بالاتم سەد شا بم
تو ۲ خودا دلم مەشکینە من کەوا عاشقیگی چا بم
سەرە کەم فدات عزیزم زیز مە بە لەدلە ۲ی کەبابم
سەرە پای بندی تو ۲یە دلە مالی خو ۲ت هەتا بم
بە کەمەندی تو ۲وە بمرم خوشترە نەوەك رەهابم

گوتم ئەی شای دلنە وازان مانك ورو ۸ژن مشتری رووت

دلی چاکی پاکی بازان پی بە داوی زولفی جادووت
لە غمی وصالی روی تو٧ جگەر و هەناوی من سو٨ت

خو٧ش بوو ئەودەمەی گول پشکووت شە کردە باری لەیاقووت
لادەلیم (وەفایی) دەیگووت تو٨ گەدا من شا بو٨ت نابم

❊ ئەو هە لبەستەی لە مدینەی منوەرە دادا ناوە ❊

ئەی امام المرسلین (ص) شمس الهدی بحر الهمم
ئەی شفیع (ص) المذنبین خیر الوری مولی النم

ئەی نە سیمیگی گولی زار و شعاعیکی روخت
شەوقی روژ و بدری تابان عطری گولزاری ارەم

ئەی لەشەوقی جنتی رووت اولیاوانبیاسەم
روح لەسەر لیون وە کوپەروانە بو٨ دیداری شەم

ئەی دەم و کولمەت دلیلی دعوی بوون و نە بوون
ئەی بەروو بالات بەیانی معنی نوون والقلم

بۆ گەردنی تۆ بوومە اسیری سەری زولفت
من مرغی شەو آویزم و عاشق بە بەیانم

گیان بەخشەدەلین ماچی دەمت وەختی تبسم
تا کەی بمرم مەجزەی ئەم سەزوە نە زانم

اسمان پیر بوولە داخی خطی روی تۆ شەو کە ڕۆژ
سەد چرای هەلکردوە و نەیبوو سەوادی یەك رقم

تۆبی و تشریفی لولا سرری مازاغ البصر
تۆو مقایی لی مع الله تۆبی و نوری قدم

بێ نەوام هیچم نیە هاتووم و محرومم مەکە
قەت لەدەر گای خۆی گەدا ناکاتە دەر صاحب کرم

هاتمە بەرئە بروۆت وناسووتیم لە سایەی خطی رووت
آیەتە چی داخلی کعبەی بوو نایبێ ترس و غەم

دەست ودامانی خەمی گیسووی تۆم بۆ وعارضە
نا اومیدنابم کە من دەستم لە ئەلقەی کعبە دەم

من چلو٨ن محروم دەبم ئەی رحمة للعللين
دی٧ صدای ( لاتقنطوامن رحمة الله) دە مبە دەم

یا رسول الله دە زانی تو٨ کە شیتانە عدوت
هەم لەتو٨ش معلومە ئەمنیش امتی توم هە٧چی هەم

کەی رە وای غیرە تە بو٨تو٨ کە فخری انبیای
دوژمنی خو٨ت شاد بفەرموی اومەتی خو٨ت دل بەغەم

داغی تو٨م هەر پیوە یە سەدجار دەرم کەی دیمە وە
منسە گیگی تو٧م (وفائی) رووڵەدەر کی کیدە کەم

## ئەو تا كەش ایی ویە :

قضای چاوت لە روحی من كە وی‌دە مرم ئەتو٨ خو٨ شبی
روحی خو٨م بو٧ چیە كەرخو٧م لە بە رئە وچاوە نەمرینم

---

ئەی دل وەرە هوشیار بە آوایە ربكەی عاشقان
محوی جمالی یار بە آوایە ریكەی عاشقان

لەم لاوە گریەی نای ونەی لەولاوە خەندەی جامی مەی
آور لەعالمم بەر دەدەی آوایە ریكەی عاشقان

جاریك لە چاوان بكرە خەو بگری بەنالەی نیوە شە و
تا بیتە دەر خورشیدی نە و آوایە ریگەی عاشقان

سو٨زی دل و آهی دەروون زووخاوی جەرگ وموجی خوون
خوینی گەش و فرمیسكی روون آوایە ریگەی عاشقان

تا دل نەسوتی دە مبە دەم فانی نە بی سەر تا قەدەم
پەروانە قەت ناگاتە شەم آوایە ریگەی عاشقان

تا چاودل خوین بار نە کەی قطعی هەموواغیار نەکەی
فکری وصالی یارنەکەی آوایە ریگە عاشقان

گەر دلگوشا بایی سەبا شرحی دلم بو[8] گول نەبا
عمری عزیزم چوو بە با آوایە ریگەی عاشقان

عاشق دەبی مەستانە بی خاکی درەی میخانە یی
ساقی لە کن جانانە بی آوایە ریگەی عاشقان

سووتا دەروونم سەر بەسەر خوینین دلە جان وجیە گەر
جسمیکە بی اسم و اثر آوایە ریگەی عاشقان

دیسان لەسەر عهدی ئەلەست جامیك لە جانان بکرەدەست
هەر تا ابد مخمور و مەست آوایە ریگەی عاشقان

دیوانە و سەوداسەرم کوژراوی غمزەی دولبەرم
دل پر لە ایشی نەشتەرم آوایە ریگەی عاشقان

چادم بە سۆری دڵ تەرە دەریای آو و آورە
مطرب بلێ ساقی وەرە آوایە ریـگەی عـاشقان

پەروانەخۆی آویتەبەستفەرموی چرای مخمورومەست
وصلم بە سوتان دیتە دەست آوایە ریگەی عاشقان

بولبول دەنالینی حزین گول دیتە خەندە و پی کە نین
بگری بە سو زی آگریین آوایە ریگەی عاشقان

چی وەك (وەفائی) بە ندە یە لەو باغی دل گولخەندەیە
بۆ جامی خضری زیندەیە آوایە ریـگەی عاشقان

ئە ری ئە ی وصلی گولزارت حیاتی جاویدانی من
ئە ری ئە ی چاوی بیمارت طبیبی میهربانی من

بەعیشوەی زولفە کەی تۆ مداهەموو صبرو قراری خۆم
لە نەشئەی چاوە کەی تۆ چووهەمو وتاب و تەوانی من

سە ری زولفت چیە عمری دریژم طولی آمالم
قەدی بەرزت چیە سەروی چەمن رووحی روانی من

لەگەل آوی حیات چپکەم بە تو٧یە زیندەگی رووحم
مسیحا بوچیە قوربان ئەتو٨ی آرامی کیانی من

لە داخی خالی سەر لیوت دلم پر خوین و خویناوە
کە هیندو زادە بو٧تە محرمی رازی نیهانی من

لە شیرەی حکمتی زاری بەعکسی زولف وچاوی کەوت
چە زوو شیوا بە جار یك باوە عقلی نکتە زانی من

دوعای ردو قبولی دەر حقی زولف کرد و گیرا بوون
الهی تیك بچی عمری دریژی با خەوانی من

کوتم کواحسنە کەت عنبرفرو٧شی زولفە کەت فەرموی
حبش اسلامی داگرت تیکچووە دە ورو دوکانی من

بە داخی زولف و خالی تو٧قطارەی لیوتە فرمیسکم
خیالی چین و ماچینی لەسەر دا کاروانی من

لەسەر چاهی زەنەخدان دی و دە چی رحمی نیەزولفت
فەرەنگە رو٧ژ پەرستە کافرە زیندانە وانی من

له کن تۆهات له چرخی هه‌فته‌مین را بردوو نه‌مزانی
عجب مام بۆچ نه گه ییه عالمی بالا فغانی من

ئه‌گه‌ر مجنونی تۆنیم لیله‌که‌ی بی میله‌که‌م بۆچی
له هه‌ر کوچیك و بازاریکی دایه داستانی من

نه‌خۆشی چاوه‌که‌ت خوینی (وه‌فایی) بۆته ده‌رمانی
فدات بم زیز مه به بمکوژه ده‌ردت یی له گیانی من

❋ ❋ ❋

له و روژۆه که دوور که وته‌وه سایه ت له سه‌ری من
سو و تاوه له تاوت هه‌مو و گیان و جیگه ری من

جه‌رگم هه‌موو له ت له‌ت بو و به سیلاوی سر و شکم
چیکه م که به ده ریا چوه لعل و گوهه ری من

ده‌یفه رموو له سه‌ر خاکی ده‌ری خۆی که‌منی کوشت
جنت به سه بۆ خوینی شهیدی نظری من

قەت وا دەبی خاکی دەری تۆ تاجی سەرم بی
ئەو دەولەتە بۆمن نیە ئەی خاك بەسەری من

زولفت کە وەکو و شامی غریبانە لە ویدا
حالی چیە داخوا دلەکەی دەر بەدەری من

وەك بولبولی شیدا بە هەزار نغمە دەناڵم
جاری گولەکەم گوێی بدە نالەی سحری من

دیم هاتە عیادت دەمی پر خەندە بوو یعنی
روح و دلی بیمارە دوای گوڵشەکەری من

زولفت سببی جذبی دلم بۆیە بە رووی تۆ
کافر بوە بۆ قبلەی من راهبەری من

بی نوورە دلم هیندە لە سەر یەك مشکینە
روو وابکە شەوقیك بدریتە فەنەری من

خۆش بە وەدەمە سابق لە دەری مەیکەدە فەرموی
ئەو جامە لە من بگرە (وەفایی) بەسەری من

ئه و چاوانه ی وا خمازی نازن
به ایما ایمانم ده خوازن

هاتـه دەر وەك رو^ژ شای شه که رلیوان
غمزه که و رەمزی تورك پیشی تـازن

زهره ی یغما کرد مشتری کیشا
خر نکەی خرخال جرنکەی بازن

قفسی به ده نم ته نگ و تاریـکه
بازی دل مورغی گیان واله په روازن

دەستی هینا دەر پی‌ی له سه ما دا
چاو مەستن چاو بەستن یاسحرسازن

نه و بەهار نو^ بەی شکو^فه و گولشەن
یاخونچەی دو گمه ی سینگه که ی وازن

به نسیم پشکوت باغچەی سیوان
یا بەآهی من دو گمه ده ترازن

نازانم بو^چ وا رووح ودل که وتوون
غرقی خویناون جـی داغی گازن

یا کوشتەی غمزەی ئەو چاوانه تن
یا رەنجەی پەنجەی شه هین و بازن

سرری زاری تو^ من به که س نالیم
رەنك زەرد ئه شکی آل هەردوو غمازن

ئەوانه ی عاشق به چاو و زارن
تاهەن سه رخو^ش و محرمی‌رازن

مطرب و ده نگخو^ش‌دەم به دەم گو^یان
بول بول و قومریـان نغمه پـه ردازن

دل ده نا لینی روح له شیوه نـدا
قدسی و انسیان چه ند خو^ش آوازن

ئەمن و تو^ بەو روخ که نجی پنهانی
تەلەسم تو^ق و کل به ربه ن وبازن

( وەفایی ) ناژی بە تایی زولفت
سەرا پای اعضایی ماران کازن

ئەی پرتەوی حسنت هەموو رەنگی گولە باخان
نشئەی نظرت شەوقی دل وذە وقی دەماخان

ئە سماءِ و صفاتن بە تجلا لە وجودم
یا شەو بوکەتو هاتی لیمت کردە چراخان

تو هاتیە گولشەن بە سەر و زولفی بلاوت
زوریی نە چوو رویی لە چەمەن لالە لە داخان

ئەو گولمە کە آسایشی سەد دائرە زولفە
گول شوقی بە شەو داوە چرخانە لە باخان

سووتاوە دە روونم وەرن ئەی مطرب و ساقی
تو لی دەلەتە نبور و ئەتوش پر کە ئەیاغان [1]

---

١- ئەیاغ = پیالەی مەیە

سەد نە شتەری غمزەت لە دلی دام کرمت کرد
قانونـی حکیمانـە بپرسن لـە نـە ساخان

زولفت بە هە ناسەم گە یيە سینە یی بازت
رستانە گولستان بووە پی بە ستەی زاغان

چارەی نیە دیوانە یی رووی تو[٨] یە (وە فایی)
سەد سال ئەگە ربی بە یە بەر پیرو وە جاخان

* * *

گولیکم بوولە دونیادا شکو فە ی باغی رە عنایی
لەداخی پەرچە می شیوام لە نیو بازاری ریسوایی
وە کوو بولبول بەروح ودل وشەروروژ بوومەسەو دایی
هەموو عمری عزیزم چوولە سەرخدیك بە خورایی
بە جاری مالی ویرانم ئە ویشم چووئە میشم چو و

ئە من وەك پەرچە می جانانئە من وەك نەر گسی یارم
لەلایی خاو و سە ر گە ردان لەلایی مە ست و بیمارم

بلا[٧] بگریم بنالنم که وا تیك چوو سه ر و کازم
دلم دانا له‌ری دو لبه رنه دو لبه ر بو نه دلدارم
به جاری مالی ویرانم ئه میشم چووئه‌ویشم چوو

گولیکم بووله باغی دو لبه ری دا ماهی که نعانی
دلیکم بو و له ریزی عاشقان مجنون به سوتانی
دلی بردم فریوی دام به ماچی لیوی مه ر جانی
ئه سیری التفاتی سه ر زمانی بووم و نه مزانی
به جاری مالی ویرانم ئه‌میشم چو و ئه ویشم چو و

به‌آوی چاو به خوینی دل به سعی روحی شیرینم
غزالیکم له داو خست آفتی دل غارتی دینم
هه تا چووم چاوه گانی ماچ بکه‌م تاویکی بی‌بینم
له‌دستم چوووه کوو دل‌بوو به مایه‌ی شیوه‌ن و شیم
به جاری مالی ویرانم ئه میشم چووئه و یشم چوو

خود اوه‌ندا خود اوه‌ندا په شیمانم په شیمانم
به کاری آخره ت نایه‌م عجب آلوده دامانم

به باری معصیت شه رمه‌نده و چاوپر له گریانم
نه‌دینم بوو نه دونیا گه‌ر نه کیشی خه‌ت به‌دیوانم
به جاری مالی ویرانم ئه میشم چووئه ویشم چو

(وه‌فایی) من‌شه‌هینی قه‌ومی چاو بازانی شاهان بووم
ئه سیری ده‌ستی گولده‌م سه‌روبالای ماه‌رویان بوووم
گه‌هی بولبول گه‌هی توو‌تی گه‌هی مورغی غزلخوان بووم
به امیدی عزیز و دووور له چاوم پیری کنعان بووم
به جاری مالی ویرانی نم میشم چووئه ویشم چوو

﴿سه وادی کورستان ئه‌و غزله‌ی له بیر وتی به‌وه‌فائی کوتوه﴾

سه را بستان خه را بستانه ایمرو [٨]
به هاری عیشی هه ر زستانه ایمرو
به زه ردی پایزی ره نگم دیاره
به خالی رووته تا بوستانه ایمرو [٨]
ژیانی عمره که م بی تو [٧] زیانه
گولستان بو[٧]م به‌خارستانه ایمرو [٨]

ته واوی زینده گانی بی وجودت

سه را پا وه ك قو مارستانه ایمرو

هه تاوی خاکی گه رمینت بەمن چی

له بو من هەروء کو کویستانەایمرو

گولی من بی نظیره تو ته ماشا

ولایه ت پا کی باغستانه ایمرو

خەده نگت کاری ئەژماری بەمیقات

هه مو و میشه و [7]چنارستانه ایمرو

( وەفا ) مظلومی بیروته به رووتی

هه تیوی شاری کور داستانه ایمرو

• ✡ •

شهیدی خەنجەرت ئه و روژه عمری جاویدانی بوو

بەلی پەروانه خو سوتاوه ته رکی زینده گانی بوو

لەبەر تأثیری خەنده ت من کەسووتام به و ده مه زانیم

به لا[7]ی خەر مانی من هەرچی بو و برقی یه مانی بوو

به تیری خوله عاله م بووه چاوت ئه ی شهیدت بم
له کن خوی ئه و فه رنگی زاده عینی باله‌وانی بوو

به به دمه ستی ده ترسیم بیته دیوانی خودافه ریاد
که‌سی وه‌ك من شهیدی چاوه کانی نکته‌زانی بو و

سه‌ر و مالی به بیدادی جش پاماله ئه‌ی سه دحه‌یف
شه هی حوسنت که دائم چه تری سونبل‌سایه بانی بوو

به خواری هه‌ر وه کوو په روانه من سوتام و نه مزانی
ئه‌وه‌ی ایمه‌ی له داو خست التفاتی سه‌ر زمانی بود

له‌بی گول‌زاری گول‌ئه‌ندامی گول‌روخساری گول‌به‌ر گول
هه تا که ی من بلیم سه ر به سته جلادم فلانی بوو

له من ئه و روژه معلوم بو که کعبه ی دین ودل گیرا
که وه‌ك‌تا بووری‌هیندو له شکری ئه گریجه سانی‌بوو

به‌هه‌ر سحریکی‌بووهه روك (وفایی) کوشتمت آخر
به تیر ئه‌ندازیی نازت ئه گه رخو^ میهره بانی بو و

عزیزم روٚحی شیرینم له من بوٚ چ واکه ناری توٚ
وەرە سەر هەردوچاوی من که سه روی جویباری تو

له سه ر چاکی گریبانت سەباشت ویلی سەحرا بوٚ
که ریٚی که وته خەیابانی گوٚلو باخی هەناری توٚ

نه خوشی چاوەکانت بووم وخه ندەی توٚ صبوری دام
شفای بیماری خوٚتدا گول شه که رباری له زاری توٚ

له لایك تاره داوی دلٚ لەلایی ماره قصدی سه ر
چه سیحریکه عجب ماوم له زولفی تارو ماری له توٚ

خطت هینا جمالت پی نه ما کوا رونەقی خالت
فەرەنگی هات و کعبەی گرت ومهدی چوله شاری توٚ

رەگ وریشەی دلم هەردەنك ونالەی عشقی توٚی لی دی
بلیٚ مطرب وەره ساقی سه را پا بوٚ ومه تاری توٚ

به چاوت که و توم بوٚ زاری توٚ آگر له من به ربوو
سوپەندم هه ربسووتیم چا که من بوٚ چاوو زاری توٚ

کوتم شیواوە زولفت چاوە کەت بە٧لکوو علاجم کا
اشارەی دایە و رو٨بی بە داوی داغداری تو٧

نەخو٨شی چاوی تو٨م بیهودە یە دلداریی خا٧لت
بە افلاطون علاجی نایە بە خوا دە ردە داری تو٧

جمالت آهی من گرتی خەتی سەوزت لە سەردا کەوت
چە مەن رابرد وسەرما هات وتیکچوو نە وبەهاری تو٧

نیگاهی کردە من هەستا وزولفی خستە روی فەرمووی
قیامە ت هاتو و رو٧ژ گیرا (وەفایی) هەرخماری تو٨

✿ ✿ ✿

بە چاوان غمزە و ایما مەفە ر مو و
بە قتلی عاشقی شەیدا مە فە ر موو
ئە من کوشتە ی جمالی تو٧م عزیزم
لە باخی جنت المأوا مە فە ر مو و
ئە تو٧ مو و سونبول و رو٧و آفتابی
لە حسنی طلعتی لیلا مە فە ر مو و

ده لین فه ر مو و ته بمکوژی بەناحق

که تو^۸ سلطانی حسنی وامه فه ر مو و

دو و چاوم دوورله تو تو^۸فانی خوینه

له موجی جوششی ده ریا مه فه ر مو و

ده مت وا بینه قبله م تو^۷ ی طبیبم

به تشریفی ده می عیسی مه فه ر مو و

من و یك لحظه شه و آرام و تاقه ت

له دووری ماهی شه و آرامه فه ر مو و

بوخوت بمکوژه نه‌ك به و چاوه مه ستە

به جلادانی بی پەروا مه فه ر مو و

( وه فایی ) عاشقی ئەندامی تو^۸یه

شهیدی قامه تی طوبا مه فه ر مو و

ئەی مایەی سەدفتنه بەدوو نیرگسی جادوو

ئەی حلقه ی زولفت رەسه نی گه ر دنی آهوو

ئه ی ده سته گولی^۷ با خی به هه شتی به ملاحت

ئه ی پوسته دەم و سەرو قه دو سلسه گیسوو

خط سەر شکه نی زولفی له آزادی دلان کرد
گەر تربیتی داده فه ره نگ چین بەخه تا بو

رو[٧]ژ بو[٧] وه کزه ی با له خیابانــی گولاندا
زولفی بەهه ناسەم که له سه ر عارضی لاچوو

فه ر مو وی وه ره زم له وغرضی پر مرضی تو[٨]
رازی مرضی چاو که پرسیم له ئه ره سطو

خه نده ی دەمی تو[٨] بو[٨] یه شفای ده ردی دلانه
پەروه رده له گەل گول شه که ره گه وهه ری لوولوو

نه و خاله چه شیرینه له گه ل حلقەی زولفت
نه مدیوه سهیلی سقزی بیته ته رازوو

تــو[٧] ره نجه مه به گوشتنی آسانه (وه فایی)
به و غمزه اشارت بکه به و چاوه بفه ر موو

لمحه ت به صفا نیوه یی ماهیکی ته مــامه
دل عاشق و سه و دائی ماهیکی تــه مامه

حلقەی سەری زولفت لە دوولا چە تری عذارن
دە وری وەرەقی لالە و گول عنبری خامە

بو٧قتلی دلم بو٧تە دووصف لە شکری موژگان
دوو نیر گسە فەرماندەرە سلطانە نیظامە

پیم کوت وەرە بو٧خو٧ت بەدەمی بمکوژە فەرمووی
ممکن نیە ئە وامرە لە سەر چاوی سیامە

ئەو رو٧ژە کە دیم طرە لەسەر مینبەری خالت
زانیم ئەوە بو و چینی دلم دانە و دامە

بەو پەنجە کە رەنگی دلە ساقی کە ئەتو بی٧ی
پەیمانەی زەهرم بدەیەی عینی شفامە

بو٨کوشتنی من دەس مە دە خەنخەر بە فداتم
لەو خونچە گولی وەك دەمە یك‌ك‌خەندە تەمامە

من طالب و دل رەهرەوی نیو ظلمتی زولفت
خالت خضری زیندە و رووت آوی بە نامە

خەر مانیە ئەو ماهە تە مامە وەرە قوربان
قوربانی سەرت بم بە دل ئەو ماهە تە مامە

پیم گوت بە نسیمی سەحەری پەیکی (وەفایی)
مروەت نیە گول هیندە لەسەر جە وروجە فامە

گول[۲] یی کەنی ایمشەو بە دەمی بابی سە بادا
فەرمو و یە تی یعنی کە جفا عینی وەفامە

مطلب نیە شیمر و غزل و بەیت و قصیدە
منظوری ( وە فایی ) کە لە گەڵ کا کە سلامە

لە سەر چی لیم زیزی چبوە چە قە و ماوە
دە مم لە رووی تو[۸] دا کعبە نە رو خاوە

نە زولفی جادووتم نە خا[۲]لی لای رووتم
غزیزە کە م بو[۲] چی ئە منت وەلا ناوە

چە بــەرق و بارانە چە گول بە هارانە
چاوم لە بەر خندەت ئە گە ر نە گریاوە

چه کیوه طوریکـه چه شعله نوو٧ریکه
د٧لم به تاوی ر٧وت هه میشه سوتاوه

به غمزه کوشتو می به شیوه گر تو و می
ده شلی٧ (وه فا) مه گری شهید نه شو٧راوه

☆ ☆ ☆

مه‌مکوژه‌تو٧ گه‌ردنی خو٧ت زووله زولفان ده‌رخه‌وه
ئه‌ی ستاره‌ی صبحده‌م ایمشوکه زووتر ده رکه وه

تاقه تم چو و آره قی گه‌ردن به زولفان و ون مه که
ئه‌ی‌سه‌بای‌صالحان ئه‌تو٧ بکه‌ی٧زووشه‌ویم رو٧ژ بیته‌وه

سو٧ت بوم خومدا په‌نای زولفت ده‌میك آسوده بووم
رووت نیشاندام وله سایه‌ی تو وه آورم گرته وه

زولفت ئه‌فشان کردو په‌نهان بووی دونیات کرده ته‌م
خو٧ت وه‌ده‌رنا عاله‌مت سوو تاند و آورت کرده وه

بابه هه و یای پایبوسیت عمری من کو٧تا نه بی٧
مه‌یخه پشت گوی مه‌رگی من بی زولفه‌کانت به‌رده‌وه

لاده زولفت بادیار بی جاعلی لیل و نهار
رووی وەدەرنا تابزانن فالق الاصباح ئەوه

اولفەتی زولفت چیه قوربان لە گەل روخساری تو
خو بە هیچ دینیکی نه بوه کفر و ایمان پیکەوه

هاتە سەر خەندە کە من سلطانی حسن و دولبەریم
غایتی صورت نمای رو ژی جمالی من شەوه

بای صبا برقع گوشا بوویا ئەتو بووی خوت نواند
یا کە رضوان دەرکی گولزاری بە هەشتی کردە وه

من لە بەر عکسی نیگاهت کە وتم و هوشم نه ما
چاوه کەی تو هەرنه خوشه یانه سەرخوشی خەوه

خارق العاداتی زولف و خال و خەندە ی زاری تو
مشك و عنبر شهدو شه کەر لعل و گەوهەر پیکەوه

نەو رەسیدەی نخلی بالا شرحی حرفی وحدەتە
نور و نگبەت تار و ظلمت نار و جنت پیکەوه

وەك سەری زولفت دەبی کی٧ بی حسابی تیك نە چی
گەر بەناز تو٨ بی‌یە پای محشر بە چاوی مەستەوە

چبم لە اومیدی بە هەشت و ترسی دو٨زخ داوە من
دو٨زەخی من هەر فراقە جنتی من هەر ئەوە

لیوە کەت عمرم بووو شرطت کرد بە دل جاریکی دیش
وەختە بو٧ت بمرم وەرە عمری دروبارەم پی بدە وە

خو٨ش بە ناز رامە برە تو٧زە التفاتیکت هەبی
داد خوازو٨ر کەو توون نەختی سەمەندت بگرە

تاقی ئەبرو٨ت دەر رخە شادم کە هەتا قوربانی بم
جیژنی قوربان چونکە شەرتی دیتنی مانگی نەوە

داخوا چبکا پاش خط و خالان صفی موژگان، بەناز
لەشکری موژگان ئەواو هات وفەرنگی پیشرەوە

آە و نالە٧ی بی‌قرارم عالەمی خستوتە جو٨ش
گول بە ناز پەروەردە بوو ئەیدل دەمیکی بسرەوە

من له سه‌ر خاکی ده‌ری یاری سفر که رده نه‌مام
نامرم اهلی به هشتم گه‌ر ژیانم بیته‌وه

توهه‌لستای به‌و ده مه‌روحی ( وه فاییت ) سه‌نده‌وه
با قیامه‌ت که‌س نه‌لی[۷] هه‌ر ییکه تو[۸]خواهه سته‌وه

غمزه‌ده‌ی خو[۷]تم نیشانه‌ی تیری موژ گانم مه که
عاشقی رووتم عزیزم تیره بارانم مه که

به‌س دلم بشکینه به‌م ئه‌برو[۷] برو[۷]یه بوماچی‌ده‌مت
مه‌مده به‌ر تیغ‌وله سه‌ر هیچی[۷] له گریانم مه که

عاشقی نازیکی توم بابه‌س به آه و ناله بم
بولبولم په‌روانه نیم و حه‌ز به سووتانم مه که

دل به‌من ناکاله به‌ر آوری ده‌روونم دیته‌جو[۷]ش
تو[۸]که سوو تانت نه دیوه منعی گریانم مه که

چیم لە ئەبروت داوە من پابەندی زولفم لیم [2] گەری
کافری عشقم بە قەولی خوت مسلمانم مەکە

مەمدە بەر تابووری موژگانت هەتا کوو غمزەبی
یابە جاری بمکوژە یەخسیری تورکانم مەکە

سەد کەرەت گوژراوی یاربم لیم مەپرسەئەی طبیب
دەردی یارم خو [8] شترە بیهوودە دەرمانم مەکە

پەنجەکەی پاکی، لەسەر خوینی (وەفایی) بوتە گول
دەمکوژی پیشم دەلی آلودە دامانم مەکە

تا خەندەی گول کاشفی اسراری نیهانە
زارت لە تبسم نە کەوی قەت لە زەمانە

زولفت چیە واتا بەری پی حلقە بە حلقە
یانە شەوی هجرانە کە زیندانی دلانە

یا عطره ده باری اثری باخی گولانه
توٚ‌ی پیٚ‌ده که نی ذه‌وقی دلانه به هه ناسه

یعنی که ئه‌وه قبله نمای زینده دلانه
قول‌لا پی‌موژه‌ت گرتمی‌رووی کردمه‌ئه‌بروت

تو روژی دره‌خشانی و من شه‌و وه کوو زولفت
سه‌رگه‌شته له دووی توٚ ده‌گه‌ریم خانه به‌خانه

گریانی دلانه له‌سه‌ر ئه‌ر زولفه به رود دا
یا ناله‌یی مورغانی په‌ریشانی دلانه

باعث به جودایی له به هاری گولی رووته
بی ره‌نگی‌یی ره‌نگم که وه‌کوو ره‌نگی‌خه‌زانه

بولبول وه زمان که وت‌بو خوینی جگه‌ریی من
جاریکی نه‌پرسی که چه فه‌ریاد و فغانه

حه‌یرانی برو و خالی له رووی تویه (وه‌فای)
بوچی حرم آته‌شکده‌یی پیری موغانه

روحم بە فدات ئەی گولی گولزاری مە دینە
لطفت هەبی روو وابکە منظوری مەدینە

لە وجیگە ببینە شرفی قرب ومقامت
لطفت هەبی بمبەخشە وەرە جرمی مە بینە

دەرمان مەکە هاتومە حکیمی هەموو دەردان
دەرمان بکە جەرگم کە هە مووی کونە برینە

عمریکە دەنالم بە اومیدی گولی زارت
جاریکە بفەرموو کە چە هاوارە چە شینە

فرضاً هەموو دونیای من و عمری خضرم بوو
بیجنتی رووی تو چە حیاتیکە چە ژینە

احسانی گول و خاکی دەری پاکی لە چاودا
بوئیگە فلك تا هەیە چاوی لە زەمینە

ر[7]ەوشەن بکە چاوم بە گلی خاکی دەری حو[8]ت
بەو عزتە فەرشی قەدەمت عرشی بەرینە

زولفت لە دوو لا شاد و گوشادن بە جمالت
کوا اهلی شمالی هەموو اصحابی یمینە

موقوفی نیگاهیکە بفەرموو بە ترحم
ژە نگاویە آوی نیە آوینەی سینە

پابەندی اشاریکە دەریکەی لەدە روونم
خود بینی و بخل و حسد و نخوة و کینە

بەوخالوخەتو صورەت و گیسووی هەیەحەقیە
مانـی کە پە ریشانی صنمخانەی چینە

نایدەم بە هەمو و روتبەی بالا لەدوو عالم
جاریك بە ( وەفایی ) کە بلی کلبی امینە

بەم رووەوە مەیلی گولستان مەکە
هەتکی گول و خونچەیی خندان مەکە

گیانی عزیزم بە سەری زولفی کەت
یوسفی دل چی دی لە زیندان مە کە

دل مەدە زولفت بە تەمای کوشتنم
یاری قە لە ندەر دلی[7] بوریان مە کە

گول شە کەری زار و عذاری دەوی
طفلی دلم هیندە لە گریان مە کە

حەیفە لە سەر خالی دەمی ئەی خضر
آرەزووی چەشمەیی حیوان مە کە

طوطی د[7]لزار قصەی زارتە
منعی لە قووتی شەکەرستان مە کە

حالی ( وەفایی ) گولە با تێ[7]ك نەچی
سونبولی ژو[8]لیدە پەریشان مە کە

✿ ☆ • ☆ ✿

خەرامان بە وسەر و زولفی پەریشان چهرە بنوینە
لە گول رەنگ ولە سونبول بو[7]لە سەروان جلوەبستینە

شهیدی شۆقی ئه بروی تـۆ به جنت شاد و آزادان
ئه تۆ قبله ی مرادانی ده میکی رووت وه ها بێنه

ئه تۆ بیو خالی لبوت بوسه یی بەو چاوه کافر بوم
ئه تو بی ساقی ی کوثر دلم بەو جامه مەشکینه

بەزولف و رووی گو شاد جاری بپرسه حالی شیواوم
ده میك شه ك كه ربده سونبول بەباده گول ببارێنه

دەەم هیناوه بولیوت بەلا زولفت رضای لی بی
وه کوو قەنادی خوش سەودا به زوو زوو بیده بستینه

زەدەی چاوم لەلیوی خوت شفامده بەس به ر قدا چۆ
به قطر یك آوی حیوانت نه خوشی خوت مه شیوینه

ئه گەر سەد رووح و دل بینم مرادی من رەوانا بی
لەبی لعلی به من نادا دەزانی رووح چه شیرینه

له ئه نفاسی سحر گاهی بترسی ئه ی چرا جاریك
هه نا سه ی عاشقان تیژه مه لی پەروانه بی خوێنه

د٧ليكى چاك و پاكى پى دەوى وصلى روخ و زولفت
خودا شادى بە شانەى داو صفاى حسنت بە آوينە

لەسەرمحرابى ئەبروى كەوتمە زولفى داميە بەر غمزە
بە جلادى دە كوت مرتد حلا٧لە خوينى برژينە

سەرى دانا لەسەررىى تو٧ بە شوينى زولفى توداچوو
( وە فابى ) آخرى خيربى دە ميكەبى سەرو شوينە

حريقى آورى دووريم خومارى زولفى جانانە
ئەگەر با يەك لەلاى قبلەم نە يە حالم پە ريشانە

نەسيمى صبحدم قوربانى نشئەى‌توزى ريكەت بم
ژيانم بينە وە را بيرە بە و باغ و گولستانە

ئەمن واليرە و روحم لە خاكى پاكى بطحى دا
غريبم بى كە سمروح و دلم سوتاوى هجرانە

ئەگەردەرياى آوربى ئەگەرطوفانى‌خوين‌هەستى
بە سوز و گريە يى زارم بلى بە و ماهى تابانە

بەغەمزەی چاوە کەی مەستت هەموو ٧جی نەشتەرەجەرگم
بە موژگانی سیات قلبم سەرا سەر جیگە پەیکانە

بە تاری زولفی گولناری جمالی تو ٧یە روژ وشەو
سەرم دەربەندی سەودایە دلم سەرگەرمی سووتانە

دلم سەودا سەرە جانم پر ٧ی غەوغایە نازانم
نە داخی تایی زولفانە نە دەردی وردە خالانە

نەخالت روحمی پیم دادی نەقلبی دائرەی زولفت
عجب ماوم دەلی ی دەورەی فەرەنگ و کافرستانە

بەشەوقی رووت لەحلقەی زولفە کەت واآە و نالەی دل
لە صبحی کاذبەی شەودا چریکەی مورغی خو ٧شخوانە

شهیدی تیغی ئەبرو ٧تم بەجذبەی خالە ٧کەی چاوت
مقامم قابە قوسینە لە سایەی پیری مەیخانە

هەموو عالم بە دیدار یکی تو ٧ قوربانی ئەبرو ٨تن
مەگەر تاقی برو ٧ت قوربان هلالی جە ژنی قوربانە

عبادت خانە بەرهەم بوو بەنشئەی قبلە کەی ئەبروت
لە سایەی چاوە کانت مالی کعبەش بوو بە بووتخانە

خەتی هات زولفە کەی لەرزی لەسەر خالی سیا گویا
حبش بو چین لە تیلا[٧]ی دا کە روم و هیند شەریانە

بەنازرووی کردەمحرابی برەوموژگانی پی فەرموو
کە تو لطفت هەبی قوربان خەراباتیش موسولمانە

بە آە و گریە بو[٧]سەیری جمالی چووم وپی ی فەرموم
تەماشای باغ و گولشەن بوچیە بەو باوو بارانە

( وەفایی ) دەردی بی دەرمانی ئەو چاوانە نازانم
هیلاکی تو[٨]یە یانە خەستە گیانی دەستی پەریانە

✡ ✡ ✡

ئەلا ئەی ساقی یی مەستان بەحقی پیری مەیخانە
بە گەردش بینە جامی مەی بە یادی چاوی جانانە

ئەمان ئەی مطربی مجلس بە حقی تاری روحانی
بەلا[٧]بی نغمە کەی سازت کە آوی آوری هجرانە

ئەتوی ئەی زوحە کەم ساقی ئەتوی ئەی عمرە کەم مطرب
پەیاپەی لیدە چەنك وەنەی دەمادەم بینە پەیمانە

بە تیری غمزە بملاوینەوە زولفم لە گەردن کە
بەسەر هاتوومە مەیدانت بە دل بوت بوومە نیشانە

لە شەوقی توبە سەر مەستە بە ذوقی توبە پا بەستە
ئەگەر عارف لە کعبە ی دائەگەر کافر لە بوتخانە

لە شیرینی جمالی توبە روژی رووونی لیلایی
ئەگەر فەرهادی سەرگەردانە گەر مجنونی دیوانە

ئەگەر شوقی جمالی تو نەبی من مەست و نازانم
لەبەرچی[1] بوتە بولبول گولچرا بوچبوتە پەروانە

دە میکە مەست و بیمارم دەمی بیهوش هوشیارم
چ کەس نازانی دەردی من مەگەر ئەو چاوە کالانە

دەهەر حلقیکە داسەد دل گرفتارە وەدە نالینی
سەری زولفت پەریشانە مەگەر زنجیری شاهانە

---

١ـ گول و چرامە عمولائە مەعشوق بن کە چیئە ویستا کە سراپا بونە تە وجودرعاشق سیدیان محمد امین مصری

هەناسەی عاشقان بانەتگری بی‌مروەتی تا کەی
بترسە ئەی گولی ناسك بەدن لەم بادیی زریانە

ئەگەر زولفت وەکوو من عاشقی رووی تونیە بوچی
سەرا پاتیکچوە کەوتوتە بەرپیت دست و دامانە

ترازا دو گمەیی سینەی بە یاری زلفی‌هات غەمزە
بەیان بەربوولە لای چین باخبربن تیرە بارانە

(وەفایی) بو گولیکە سەرو بالاشیت و شەیدایە
وەکوو قومری دەنالینی وەکوو بولبول غزلخوانە

☆ ☆ ☆

دەمیکی هەستە پی[۲] قوربان جمالت عالم آرا کە
بزانن نخلی طوبا باغی جنت خار و خاشا کە

ئەگە رەنجیدە بووی جانا لە ویرانەی دلی تەنگم
وەرە سەر دیمەنی چاوم تەماشای موجی دەریا کە

لە عینی آه و سوز و گریە زولفت[۱] هاتە تاراجم
شەوی پربرق وبارش روژی هیندوی دوزد ونا پا کە

شهیدی چاوی بازی پڕله نازی شاسواریکم
که گوی چه‌و گانی زولفی دائره‌ی خورشیدی ئه‌فلا که

دلم شیواوی چاوی زولفته به‌و زاره چارییکه
که ئه‌و بیماره ماران گه‌زته‌یه ده‌رمانی تریاکه

له رووی تودا که په‌روای شهیدانی نه بو چاوت
له روژی حشری ناترسی عجب تورکیکی بی‌باکه

به‌یادی رووم ده‌[٧]لی بگری به چاوم گه‌ر أیشاره‌ت کا
ئه گر ببینی[٧]مه له‌ك پاکی له‌عه‌رش وفه‌رش وئه فلاکا

له‌فهمی جه‌هه‌ری خه‌نده‌ی ده‌مت عمرم چوو نه‌مزانی
که سری حال و احوالی ده‌می خونچه‌ت خه‌ته‌رناك

له قتلی عالمی دل[٧] بووه خا[٧] لی رووت به‌لا به‌س بی
سهیلی کاروان کوژچی ده‌می بوو روژی روونا که

ده‌می هینا دلم کرده نیثاری پی که نی فه‌رمووی
که‌زه‌ریکیس بی‌وون نابی ( وه‌فایی ) چا که‌هه‌رچا که

برینداره دلم سەودا زەدەی زولفی دلارامە
مەکەن منعی دلی زارم کە وابی صبر و آرامە

بەنازهات بو تەماشای شیوەنی دل پی کەنی فەرمووی
لە گەل گریەی صراحی نشئەی مەی خەندەی جامە

خطی هات و بەسەر چوو غمزەکەی تیری دلاویزی
لە تازیەی اهلی دل گیرانی روژ مشهور ایامە

بەمەرگی من بلی[٢] زولفت بە رم دا تا بزانی من
سەرم قوربان ئەکەم تەر کی سەر اول سوتوسە ورامە

بە غمزەی چاو و لطفی ئەو دەمە روحم وەبەر بینە
دەمی تو[٢] روحی شیرین چاوەکەی مەستت مسیحامە

لە شو[٢]قی رووت دەنالینم لەسایەی گەردن و زولفت
گولستان بی صدای بولبول نیە گەر صبحە گەر شامە

بە تاتا زلف و روی کردە( وەفایی ) پی کەنی یعنی
شەکەر هەمراز و عنبرها وسەر و گول باغی بالامە

دلی پرایشی من بو[٧]یه وەها خویناوی گریانە
هەموو سینەم وەکوو شانە کە جیگا نیشی موژگانە

بەزاری پیم کوت آخر بەردەبار[٧]ی تابەکەی فەرموی
دەسادەی بیکوژن یاران کە رو[٨]ژی بەردە بارانە

بەلا گەردانی توم من ئەی بنازم خالی روخسارت
خلیلی آتەشی نەمرودە خطی پاکی ریحانە

کە تو[٨] سلطانی حسنی بو[٨]بەدیارئە بروتەوە ریتدا
لەبەر چاوت کە هیندوو مالی کعبەی کردە بوتخانە

طبیبی میهرەبان بیهوودە تا کەی دلنەوازی من
وەکوو بو خوم دەزانم هەستە بەخوا روژی گریانە

دەلی حالت لەسەیلی دیدە سو[٧]زی دل چیە قوربان
لە دووری تو[٨] بلیم چی حالی من خنکان و سووتانە

ئەمن لە و شارە کوژ راوی خەدەنگی تازە لیلیکم
فەرەنگی طینتە کافر دلە ظاهر مسلمانە

بەهیچ لاییکی ناویرم کە نیزیکت ببم قوربان
دەلی‌ی خو٧ هەر لەمن رووی داوە حالی شمع وپەروانە

دەخیل ئەی محرمی دەردی( وەفایی ) خزمەتدبیر٧ی
کە واناچارە چاری نابی خو٧ کوژرانم آسانە

دوور لەتو٨ بوو زولفە دل حقیە کە پر٧ دەردو هەمە
بو عزیزی خوی هەموو کەس وابەشین و ماتەمە

خالی سەر چاهی زەنەحدانت چە شیرینە وەلی
هیندویکە تەشنەیی جو٧باری آوی زەمزەمە

زولفەکەت گرتمی بیاضی گەردنت سو و تاندمی
خوینی پەروانە بەدەستەی شەولە سەر ئەستو٨ی شەمە

عشرت وعیشی زەمان ختمە لە سەر ماچی دەمت
هەر سلیمانە ئەوی دەستی بگا بەو خاتەمە

ساعدی امدادی پەنجەی‌دا بە فتحی دل گوتی
صف شکینی قو٧لی گورجستانە فوجی پینجەمە

شه معی مه‌جلیس ده‌رمه که پەروانه که‌ت سر تاوته
هه‌ر ئه‌وه سه ر تا قه‌ده‌م بو[٧]ت آته شینو مه حره مه

من دلم بو[٨] ماچیکی چاوی به زولفی داکوتی
ئه‌ی په‌شیمانم ( وه‌فایی ) مه‌سته سه‌ودای بەر همه

❀ ✿ ✿ ✿ ❀

ئه‌ی حسنی ازل دا نفسی خو[٨]ت بنوینه
آوینه‌یی رووی خوته دلی من مه‌شکییه

که وتوومه شکه‌نجه‌ی‌سه‌ری زولفت به‌ته‌مای‌رووت
یاریم که نه که‌ی چووم به ته‌له سماتی خه‌زینه

عالەم هه‌موو ره‌نگینه له‌بەر عکسی جمالت
هه‌ر ره‌نگه به‌ره‌نگیکه هه‌زار ره‌نگ نوینه

چونکه سببی ده‌وله‌تی خه‌نده‌ی گوله باران
ئه‌یدیده هه‌تا هه‌ی بگری خوین برژینه

چونکه شرفی قربی بقا وا له فنادا
ئه‌یدل وه‌ره تازینده‌وه بی‌خو[٧]ت بمرینه

سو و تاوه دەروونم وەرە ئەی بایی بەهاری
زیندووم کە وە بوٚنیکی لە خونچە ی دە مى بینە

را ببرە بە دامان و خە یابانی یە خەیدا
نەختی لە گول وسونبول و نە سرین بوەشینە

ممکن نیە لە و چاوە نجاتی دلی زارم
ئەو مورغە برینداره گرفتاری شەهینە

عینی کرم و هەر حمتە هەرچی بفەرمووی
لطفت نیە جاری بە جوینم بدوینە

دەمکوت بە خەتاقەت دلی خوٚم نادمە چاوت
نە مزانی کە مەی فصلی بە هارتوبە شکینە

خوی داوەتە زولفت لەدوو لا گوشەیی ئەبروٚت
میزان کە دلان هیندە دەبا سووچی شەهینە

فەرموویە ( وەفایی ) بە دلی توٚیە وصالم
قوربان هەر ئەتوی دل وەرە روحیش بستینە

ئەو زولفە دووتایە چەتە لە سمیکە چەدامە

سووتاوە ئەوی پوختەیە بەو عنبەرە خامە

دل کە وتە سەری زولفی لە بەر جذبەیی خالی

وحشی سببی دانەیە وا بەستەیی دامە

دەستم بگری تو کە بە جامیکی صبوحی

بەو چاوە ئەگەر پادشەهی شامە گەدامە

شەیدائی من غەمزەیی ئەو چاوەیە باعث

سەر مەستی من جملە لە بەر نشئەیی جامە

لەو زولفە بلاوە وصفی موژگانە دەلە رزم

معلومە کە شەو لە شکری بەر گەشتە بەسامە

بوماچی دەم و کولمە لەنیو پەر چە میخاوی

لەو ظلمتە بو آوی بە قانووری چرامە

عمریکە دەنالم بە دل ئەو قەدگولە نەیکوت

ئەو بولبولە آخر بە تەمای میهر و وەفامە

بو گوشتن ئەتو دەست مەدە خەنجەر لە (وەفایی)
بەو خونچە گولەی وەك دەمەیەك خەندە تەمامە

***

دڵی دیوانە لە سەر زولفی لە عالەم بەریە
قەت رەهایی نیە لە وداوە کە بەستەی پەریە

بێوەفا گەر تو دەشمکوژی بە میهرم وە رەسەر
دانەلین عاشقی بی میهرو وەفا سەرسەریە

تا لە بێتۆ بێ گوڵذاری ایرەم غەیری سەقەر
بۆچ دەلین ایدی صفر بەر بەریی و بێبەریە

زەخمی دڵ پاکی بە ناسورە جگەر پاکی لەتە
غەمزە دەرمانیە پەیکانی موژە نەشتەریە

بۆیە سووتاوم و هەم عاشقی بەد ناوم ئەمن
دلەکەم غەمزەدەی غەمزە و نازی پەریە

روو بە ئەبروتە دلم بوچی دل آزارە موژەت
اهلی قبلە عجبا وا رەوشی کافریە

سەروە گولزاری (وەفایی) کەلە گولزاری جمال
خەندە گول گولبەریە هەم گولە هەم گولبەریە

دل دەنالی دەم بەدەم سووتاوی تاوی فرقتە
بولبولە بی‌رووی گول پردەرد و داخ و حسرتە
چاو پر آو سینە پر آور دل بە دولبەر چاوەر[٢]ی
ئەیخودا دەردی جودایی چەند گران وزحمتە
روح لە سەر لیو چاوەریتم ئەی تجلای نوری طور
هیندە جاریك خو[٢]ت بەدل بنوینە مەر گم حسرتە
رەمزو غمزەی یەك نیگاهت قلبی کونکون کردوم
بوومەجی دەستریژی توور کان بویەجەر گم لەرتلەتە
داغداری ئەلفی بالات بالە رووت محروم نەبی
من کفیلی وصلی جنت هەرچی اهلی وحدتە

زولفی سەرڕووهاتە سەرشانشادبو فەوجی دلا[٧]ن
قەت لە دو[٧]زخدا ابدنین جنتین ئەو اومتە

چاوی یارم کوشتمی جذبەی بە ناز هینامیەوە
سەد کە بیمار ونە خوش بم پی کی نینیشەربەتە

قەت چەرگای وانیە عالی بە شرطی بچمەوە
باهەزار جرم وخەتام بییارلەسەر روی رحمتە

با حجابیکم نەمینی لادە تاری زولفە کان
تابەکەی دل نامرادی وحدتە لەو کثرتە

گولبەدەم بادیصباوە پی کەنیخو[٨]شبووجیهان
یالە تثیری هەناسەم عطری برقی خەندە تە

چاوەکەت هەرچەندەخەت هات وبەمن روحمی نەکرد
آری آری مردم و نەو کیسە هەر دوون همتە

من پەریشانم لە بەر زولفت بە روو دا کە وتووم
زولف و رووی تو[٨] سونبول و گول یا کە نور و ظلمتە

ئەو بوتە سەودا سەری کردم بە زولفی بی مثال
چاو غزال بالا نیهال ئەبرو هیلال و گوول خەتە

ئەو گولەی شەیدا دلی کردوم بە لیوی شەکەرین
عنبرین بو. نەستەرین موو لالە روو مە جبهتە
بو روخی تو روو بە ئەبرو وەك موژەت دەستەو دوعام
ئەی چرای محرابی اهلی قبلە روژی رحمتە
بو جمالی تو وەکو پەروانە سەرگردانی توم
ئەی چرای اسلام و کافر وەختی مەردی و مروەتە
مردم و نەمزانی ئەو آورەی منی سو وتان چەبوو
حاصلی سەیر و سلوك ی عاشقان هەر حیرەتە
مردم و هەرگیز نەگەیمە قیبلەیی تاقی بروت
آخر ئەی قبلەی مرادان تابەکەی ئەم ازیتە
یار ئەوا بەیعی وصالی رووی دەگەل تو کردوە
جنتی داوە بە رووح نامەرد (وەفایی) فرصتە

ئەی سەباتیك مەدە تو پەرچەم و کاکولی گولە
زولفی داو دانەیە خالی موژەشی تیری دلە

رامی دامم نه بووهەر گیز بە فنون دل بوە خو[۷]ین
گوله سەر مەستە غەزالیکە عجب وحش وس[۷]لە

چیەئەم نوختە کە وابوتە نیشانەی دەمی‌تو [۷]
نوختەی هیچە کە چی نیکتەیی سەد اهلی دلە

دەمی خەندە وقسە ماچی دەمی هەرزانە بە رووح
دەم وخەندەی نوقلستانە قسەی ئە و نوقلە

وەرە بنوارە دلم ئەی گولە بو[۸] زاری گولت
بولبولیکە چە حزینە چەلە گریان بە کولە

قەت بەدل یاری( وەفایی ) نە بوو حەیرانم‌ئەمن
دل کە معلومە یە کە بەس گلەیی بو[۸]چدوو دلە

* ✿ *

بە ماچی[۷] گیان دەبەخشی‌ئەی مسیحای عصر بیستوومە
ئەوامن عاشقی رووتم دەخیل دل‌زار و مظلومە

اشاردم کردە زولفت رووبە ئەبرو[۸]بوچیە فەرمووی
بە قبلەم تو مسلمانی کە زەنگی زادەیی رووم‌ە

دلم طفلی دەبوستانی غەمە وا مەیدە بەر غمزە
هەتا کەی تیرە باران آخر ئەو مظلومە معصومە

لە بەر تاقی برۆت گریانی دل بۆ زولفە یا بۆ دەم
ڕۆقی هەستا بەرۆ گرژی وو تی بۆ تاری گیسومە

لەسرری حکمتی زارت کە نوختەی جدولی روحە
عجب ماوم چە نیکتیکە نە موجودە نە معدومە

سیا روژ و نە خوشی توم گوتم آشفتە بو ویعنی
بە داوی طرە وا یەچی لە رووی دوو چادی جارووتە

( وەفایی ) والە کۆل دە گری بەدل بو گول دنالینی
بە سە د غلغل دلی بولبول لە باغی قبلە محرومە

تا بەتا ئەوروژە تو زولفت تو بەروو دا خستە وە
من لە سایەی زولفەرووی تو روژی رونا کم شەوە

دا بزانن خەت لە دەوری عارضی هات و کوتی
قەت نە بیسراوە شەوو روژ نوور و ظلمت پیکەوە

دل لەسەر تاقی بروی خوی خستەداوی زولفی خاو
قبلەکەم گوراوە بویە پیم بەداوی کفرەوە

روحی شیرینم بە چاوان دا بە زاری دەمکوژی
قەت نەلی ی آخر ئەوەفەرهادە یاخو٢خەسرەوە

چونکە دل عاشق بەئە برو٢ی بوو بەداوی زولف و لیو
حقیە زنجیری بکا دیوانەیی ماهی نەوە

من وەها زوو مەستی مەی نابم بە نشئەی چاوەکەت
مەرگی من ساقی لەگەل ئەو جامە لیوت بینەوە

تو٨ (وەفائیت) کوشتوە ئە سبابی کولمی سوورتە
رو٢ژ کە گیرابی نیشانەی قتلی مظلومان ئەوە

☆ ☆ ☆

کارو پیشەی ئەم دلە٢م چیکەم خوداهەرزاریە
سە یلی فرمیسکم وەکوجو٢گە لەچاوم جاریە

سە روە یا شمشا٢لە یاخو٨ عەر عەرە یا نارەوەن
یا چنارە یا کە توبای قامەتی دلداریە

نوختەیی ئایاتی قورئان یا نە هیندووی خطی تو
یاسەوادی عینە یا خو^ خالی سەر روخساریـە
بی قسە وەختی تبسم سەد هەزارانی دە کوشت
یا نە غلمان یا پەریی یا حورە یا گولزاریە
مات و حیرانم کە بوچ ئەمرو^ دە می هیناﺋەمە
یا نە تأثیری فوغانە یا نە وعدەی پاریە
زەخمی ناسوورە قەرار گە یا نە ایشی خەنجە رە
یـا خەدەنگی چاوی بیمارت لە جەرگم کاریە
دەنگی قوقووی قوومریە یا خو^ سەلایی شیوەنە
دەنگ و نغمەیی بوولبولە یا نالە نالی تاریە
ئەشکی دوچاوی(وفائی) سوورە جاری[٧] آوی یە
چونکی لیوی لەعلە گەردن بەندە کەی مرواریە

سەروە یا عەر عەرە یا تازە نیهالی چەمەنە
یا ئەوە گولبونی بالای گولی گولزاری منە
عاشقی زولفی روخی سەر سەریی یاریکم ئەمن
چاوی بیمارە گولی زارە قەدی نارەوەنە

قەدیی سەروەبە ری هیناوە کە میوەی کە میوی
ناری مە مکانە گولی کولمە یە سیوی زە قەنە

لە هەوای باخی گولانی کە دە نازی حقیە
گولی‌من گول‌دەمە گول‌چەبکنە گول پیرەهەنە

دل کە کوشتەی روخیە بەستەیی زولفی دە گری
شەوی هجرانە دەلی‌ی نالەیی مورغی چە مەنە

ئەشکی‌من چونکە لە سەر چاوەیی‌دل‌دیتە دەری
رەنگی گو لناریە مرواریە لعلی یە مە نە

زولفی لە رزائی لە بەر چاوی بە دەم بایی‌وەزان
مشکی تەر عنبری تەر چە تری غزالی خوتەنە
دل و دینم لە بە های ما چی دەمی داوە دەلی
لە (وەفایی) مە گرن عاشق و شیوا وی منە

لە سەر روو کاذبـەی زولفـت وە لابە
کـە صادق بـی طلوعـی آفتابـە

دل ودین هەر چی بوو قوربانە بوٚ توٚ
هەتا کەی ایدی ئەو نازو عنابە

بلا بەو روٚژە نیلو و فەرنە سووتی
بەمەرگی من سەری زولفت وەلابە

لە عکسی عارضت فرمیسکی چاوم
گولاوی رووتە هەم خویناوی نابە

وەرە بنوینە خوٚت بمکووژە قوربان
بە دینیك کوشتنی عاشق صوابە

وەرە بنوارە بەزمی عالەمی دل
چە خوٚش دەوریکە هوشیاری خەرابە
ئەگەر چی نالەیە هەر شەوق و ذەوقە
ئەگەر چی گریەیە عینی صوابە

بە نالینی دلی سووتاوی عاشق
هەموو هەر نغمەیی چەنگ و روبابە

بە چاوی گردی تۆو روخساری ساقی
هەموو هەر شاهد و شمع و شەرابە

گوتم با قیمتی وصلم بە دل بی
بەما چیکیش لە زاری خۆت حسابە

کە چی فەر مووی دلت نەشکی (وفایی)
ئەوە سەودایە زەرریکیش حسابە

✡ ✡ ✡

روزی طرب و وەختی گول‌و فصلی بەهارە
یاران گولە کەم کوا کە دەمی بۆس و کەنارە

گولزاری ارەم صورەتی غلمان قەدی طوبا
گۆشەی چەمەن و رووی گول وپای چنارە

بنوارە لە نیو حلقەی زولفی سەری کولمەی
دوو رۆژی درەخشانە لە نیو دوو شەوی تارە

هەر لحظە کە دی پی دە کە بی حە قمە بگرییم
پشکوتنی گول مایەی بارانی بە هارە

بو٘ چی نه گریم کوشتەی سەد تیری خەدەنگم
من تاك و نیظامی حبشی زادە هەزارە

بەو زولف وموژە مە مکوژە هەر دەم بەجەفایی
جاری لە تە نافم مەدە جاری لە قەنارە

بەو قامەتە حیرانی شکو٘فەی قەد و بالام
قەد نارەوەنی باخی گولان باری هانەر

سووتاوم وشیوا وم و سەودائی و مەستم
بەو عارضە بەو پەرچەمە بەو چاوە خومارە

گولدەستە نیگەە مەستەدەهەن پوستە گل ئەندام
زولفی کە هەموو داوی دلی عاشقی زارە

ئەو قامەتە بەو دوو مەمو بەو زولف وعذارە
هەر عطرە بە تا هەر گول ونارەنجە بە بارە

پرسیم چیە تەبخالە ١ لە سەر ئەولەبەفەرموی
جیی ماچی (وەفایی) ئەوە نیشانەیی پارە

١ــ تیمساك ووتنی تە بخال لەگەل گوبخانی تیمیلتك لەبەر خالی
کوردی یە محمد امین مصری

ده ردی دووریت کوشتمی چاوم ئه وه سه ودا نیه
ڕوت وه ده رخه زولفه که‌ت لا داشه وی یه لدانیه

منعی نالینم له شۆقی گه‌ردن ورووی خوت مه که
بولبولی صبحی بـه هاربی شین و واوه یـلا نیه

دل که به‌سته‌ی زولفی نیو لیوانه محرومی‌مه که
بی شه که‌ر ئه‌و طوطیه ناژی که هیندوستانیه

با فریوی من نه‌دا واعظ به گولزاری ایره‌م
عاشقی رووی تۆ به‌هه ویای جنت المأوانیه

گه‌ر هه‌موو عالم بلین مجنونی تا ده مرم ده‌لیم
هه‌ر دوو عالم قیمه‌تی دیدار یکی لیلا نیه

گا به ناز گاهی به غمزه مه‌مده به‌ر تیغی برۆت
کوشتنی عاشق به هیچ دینیکی قوربان چا نیه

داد له‌ده‌س حوسنت که زولفت نابی بی ناله‌ی دلان
آری آری دائره ی شاهانه بی غه و غا نیه

سه‌د هه‌زار دل پیکه‌نی وه‌ك گول به‌ده‌م بایی به‌هه‌شت
یاهه ناسه‌ی گیا نفزای گولزاری غوثی ثانیه

جانوشینی حضرتی غوث ئەی خلائق قطبی من
فرعی طاها اصلی یاسین نەو گولی گە یلانیە

رەوشەنی چاوی قلوبی عارفە عکسی دلی
کیوی طورە مظهری نورە کلی سبحانیە

چت لە وصلی زولفی منفە رمووی (وەفابی) هادەمم
طالبی عیش ئەبەد بە عمری دونیا فانیە

✿ ☆ • ☆ ✿

چاو پری خوینە وەدە گرییم قبلە کەم پەیدا نیە
نوری چاوم رو[۸]یوە یا دیدە کەم بینا نیە

وەك نە یستان آورم بەربوە دەرونی دەمبە دەم
دل کە هەر وەك نەی دەنالی دەمبە دەم بی جانیە

تەی چرا لحظیك مدارا تیر ببینم رەنگ و رووت
وەر نە پەروانەی غریبان گیان و دل پەروانیە

بو[۷] نثاری مقدمت عمریکە دەگریم رو[۸]ژ و شەو
تا بەکەی گە وهەر فشانی چارە کەم دەریانیە

چه ده که‌م ده کریم ده‌سووتیم آوری دل نامریته وه
چبکه‌م آخر نووری دیده سینه که‌م سینا نیه

گه‌رهه‌زار جار ببمه کو٨ی زوخال به‌سو٨زی کیوی طور
ئه‌و دله جو٨یایی یه کدیداری وه‌ك موسی نیه

هات و رووی دا گرت و دونیای کرده ناله‌ی عاشقان
دانه لین نایی قیامه‌ت رو٧ژی واوه یلا نیه

حلقه حلقه تایی زولفی خسته سه‌ر رووی نازه‌نین
دانه لین رو٧ژ حلقه گو٧شه‌ی ماهی عاشق وانیه

پی که‌نی ممنونی کردم زولفه که‌ی دامی٧ به دل
دانه لین شه‌که‌ر فروشی ایمه خو٧ش سه‌ودانیه

سه‌دهه‌زار گول پی که‌نی وه‌ك گول به‌ده‌م بادیی صبا
یا هه ناسه‌ی گیانفزائی عطری غوثی ثانیه

خو٧م له سه‌ر گیرا کوتم قوربان په‌ریشانی به سه‌
سویندی خوارد به‌وزولفه وصلم عینی سه‌ر گه‌ردانیه

---

١ـ مانگ چونکه هه میشه‌ر٧ و ناکی له‌ر٧ وژووه‌رئه گریت ئه‌لقه‌٧ به گویه تی به‌لام٧ لیره داروژ٧ که رو٧ی یاره‌ئه لقه به گوشی مانگی عاشقانه که‌خودی یاره محمد امین مصری سیدیان

چە تەلە سمیکە چە سیحریکە چە سەو داییکە
سەری زولفت کە دوسەد چینی بەهەو داییکە

ناله نالی دلی سەودا زەدە لەو پەرچەمەدا
ئەوە نیشانەیی دیوانەیی سەوداییکە

وەرە مەنوارە بە سووکی لە نثاری قدمت
ئەشکی دیدەی تەری من گەوهەری دەریاییکە

ئەی شەکەرلەب کەمەری تۆ چیە بەو مەحکەمیە
کە هەزاری وەکوو من بەستەی هەوداییکە

نیرگسە غارەتی دین پەرچەمە شیواویە دل
هەر یەکە آفەت و فتنەی سەری مولاییکە

کوشتەی تیغی غمی کافیە ماچیکی دەمی
بەلی ئەو دولبەرە لەو عصرە مسیحاییکە

مەنعی نالینی (وەفایی) مەکە مجنون صفتە
آخر ئەو غەمزەدە پا بەستەی لە یلاییکە

لە بەر نازی چاو بازان خواردن وخەوم نە ماوە
بە تیری ئەندازان چبکەم جەرگم براوە

بە دەردی بی‌دەرمانی کەو توو مەسەر گەر دانی
بە جوابی (لن ترانی) چیکەم جەرگم براوە

عەی آوینەی دولبەری زارت گول زولفت زری
باهە ناسەم نەتگری رووی خو^ت بینە بەم لاوە

بەس عمری من بە بادە رووت بینە زولفت لادە
دل بو^یە نامرادە بەو شەوە رو^ژ گیراوە

زولفت جیی بی‌قەراران رووت رو^ژی شەو بیداران
آمان ئەی شای گولزاران روحمیك تارو حم ماوە

باشە و بروا سحر بی باخی، گولان وە بەر بی
گەر تو^ مەیلت لەسەر بی کافر اسلامی تاوە

دەستم لە تایی زولفت دانا بە لە دبوێم نە مزایی
پوێچ دەمکوژە خۆم قوربان پردی قیامەت نەپساوە

لەسەر تاقی دووئەبرۆت مەیلی زولفان دەمکێشی
خۆ وەختە من کافر بم چیکەم قبلەم گۆراوە

لەبەر چاوت نە مزایی بی باخەوان گولچینم
مەست بووم هوێشم لی نەبوو دەمم بۆ رووت هیناوە

هاتم بە بۆنەی خالت تووشی داوی زولفت بووم
طیر یکی نابەلەد بووم نەمزانی دانەو داوە

تۆخوا دلم مەشکینە با بزانم رووت وابینە
رووت یا گولی هەنارە یا شەکرە سیوی خاوە

لە سایەی چاوەکانت بوومە رەندی خەرابات
لەلای پیری مەیخانە خەرقەم لە گریو مەی ناوە

عیشوەی رووی نۆهەر خۆشبی مشکل گوشاوسەر خۆشبی
بزووت بادیی نەورۆزی گری‌ی زولفت کراوە

ئەمرۆ سەبای مرادان کاسی کردم نە مزانی
نە عەتری نافەی چینە نە بۆیی زولفی خاوە
وەختی آزەق دەریژن بۆ کوشتنی ( وەفایی )
بە گولی کولمەت سویندە خۆم گەردن شووشەی گولاوە
قەیتانی دوو لیوانت بەندی جەرگی پساندم
کفرت لەلام ظاهرە روحمت لە لا نە ماوە
سلاوم کرد لە یارم بە دلیکی غەمگینەوە
بە لفظیکی زۆر شیرین جوابی سلاوی داوە
شیت و شیدا و صحرایی دەگریم هەر وەك (وەفایی)
چبکەم لە دلی سەودایی پەریان دەستیان لی داوە

---

لای زۆری هۆنراوەکانی خووالێ خۆش بوما موستا وەفائی
تازە تەرۆ وورێك وپیکە وە ئەوانەش کە لە نگولۆ ریبکی بە وا
یستەی نوسەروە یاتێ موبالاتی چاپخانە ای پەیدابۆ بیت بەبە
رابنەری کردن لە گەڵ نوسخە کونە کانا بەتایبەتی نوسخەی ارە
زگەئی = نوشخەی ( مەعروفی ) لامان بردووەویان لەوانەی
مەحلی مهابادی کە هونراوەی وەفائییان لەبەربووە پرسپوما نە تە
وە و دووای نەمانی عیلاج بەپیۆیستی جیگا ناقیسی و نالیکیە
کانو بەتەواوی ئیل لالەچەن جیگەیکدا نەبی دەر کردوەو نەم هیشتووە
زەرەری فەنی شیعریشی بەراوینی٧ = عیسمەتی بکات محمد امین
میصری سیدیان مهاباد ٢ر٥ر٤٤

وەفایی لە کاتی مردنی پیرۆزە خانمی خیزانیدا
عەو پینج خشتەکیەی داناوە نیو براو آفرەتیکی ایگجار
جوان وبالا بەرزو ژیرو مەند وخالیکیشی لەنێوانی لیوو
رووومەتیدا بوە :

ئەم دولبە رەوا بادە بە چاوان دە فروشی
هەر وا بە تبسم لە بی خەندان دە فروشی
مەرغەمزە کە چاوی بە شە هیدان دە فروشی
بۆشەهد و شەکەر حقەی مەرجان دەفروشی
چی زاهدە عمر و دل و ایمان دە فروشی

یا قوتی له بی لعلی که وا قووتی ره وانه

روو[٧] باغی گول‌وده مگول‌قه‌دسه‌روی ره‌وانه

موژگانی که چی قاتلی سه‌د قافله گیانه

تا پی[٧] نه که‌نی زولفی نه‌دا به‌ر ده‌می شانه

نه‌مزانی که گول‌شه کـکه‌رومه‌رجان‌ده‌فروشی

قطره‌ی عرقی نافه له‌سه‌ر لعلی به‌ده‌خشان

یا مشکه‌له گو[٨]شه‌ی وه‌ره‌قی گول‌بوه ئه‌فشان

زاغی دله یاخو[٨]له سه‌ری زولفه په‌ریشان

خالی له‌بی‌تو[٨] زه‌نگییه که وتو[٧]ته به‌ده‌خشان

یا خو[٧] خضره چه شمه‌یی حه‌یوان ده فروشی

تا تا که به ئه‌و زولفه و کوو سونبولی دادا

گولد سته ی شه‌وبو[٨]بو و به‌رگی گولی دادا

شه‌و بو[٨]یی گولی نافه به‌ده‌م بایی صبادا

شیخم به هه وای زولفی دل ودینی به بادا

وجه‌ی چیه ئه‌و کفره به ایمان ده فروشی

گەر مائلی ماچیکی ئەتو[٨] لەو دەمە قەندە
بەو زوانەوەرەھەروە کووحو[٧]تی لەکە مەندە
شاھەنشەھی مصر و حبشە چی بوە بەندە
چاویکی بەگریایی دەوی عاشقی خەندە
معلومە کە گول خەندە بە باران دە فروشی

جیلوەی مەیی ئەم ساغرە نشئیکی نەدامی[٧]
ساقی وەرە لەم لیوە بەچاوی بدە جامی
کوشتەی بەخط وخالی روخی سەرەی نەمامی
من طالبم ئەی بایی صبا بینە پەیامی
لەم لیوەکە ماچی بەدل و گیان دەفرو[٧]شی

تادوینی ئەمن وصلی روخ وزولف ودەمم بوو
باخی ایرەم و عمری خضر جامی جمم بوو
چەمرو[٨] کە جودایيم لە غزالەی حرەمم بوو
بوسعی لەسەر مرو و صفا عینی غەمم بوو
چاوم بە دووجی[٧] زەمزەمی گریان دوفرو[٨]شی

کوژراوی خەدەنگی موژەھەر بۆ دەمی دەگری
گۆیا کە برینی نیە بۆ مەلحەمی دەگری
پەر سووختە پەروانە لە دووری شەمی دەگری
بیچارە (وەفایی) لە خەمی پەرچەمی دەگری
سەرما زدەیە رووتیە مەرجان دەفرۆشی

لەباغان آە و نالین دی دەلین شاهی گولان رۆیی
لە مەیخانان سەدای شین‌دی دەلین پیری موغان رۆیی

دەلی‌ی دەوری فەلەك سەیری قمر میزانی گۆراوە
کەوا گول زەردوسونبول تیکچوورەنگی ئەرخەوان رۆیی

لەبەر چاوی جیهان بینم جیهان تاری بوو نەمزانی
نە نووری چاوەکانم چوونە خورشیدی جیهان رۆیی

مەلین بولبول دەنالینی کە وا گول گولشەنی چۆلکرد
دڵ آرامی نەما قوربان کە آرامی دلان رۆیی

سحر مەستانە هات بولبول بەشادی بوطوافی گول
کەدی باغ بی گولان داغ بووبەسەد نالە و فغان رو^٨یی

بەها هات خونچە پشکووت دەنگی بولبول سوو بەسوورو^٧یی
دەبی حالی چەبی بولبول بەهار زو^٨ر پی نەچوو رو^٧یی

بە نالەی دل شفام نایی دریغ بو^٧مە رهمی جەر گم
لەزەنگی کاروان چبکەم دلیلی کاروان رو^٧یی

قیامەت بو^٨دلان هەستا کە چاوی مەستی وەر گیر^٧ا
مەگەر آزردە بوو ساقی لە بەزمی مەیکەشان رو^٧یی

چە شین ورو^٨ چەهاوارە لەنیو حلقەی مریدانا
مەگەر خواجای سمرقندی لەنیو صاحب دلان رو^٨یی

خرابوو خانەقا بی‌شك چوو شو^٨قی طالبان سەد حەیف
چەمەن ویران بوونغمەی بولبولان چووباخەوان رو^٧یی

لە نالەی بولبول و قمری (وەفایی) بو^٧یە هەر دە گری
گولیکی سەرو بالام بوو بە تاراجی خەزان رو^٧یی

فەرەنگی ملتی کافر دلی ئەگریجە تەرسایی
مەلا یك صورتی آهوو خەرامی ماه سیمایی

پەری سیما بوتی گول پەرچەمی زنجیر گیسویی
شەکەر لەب نازنینی عیشوە بازی سەرو بالایی

نیگاری توند خوویی سەر کەشی عاشق کوشی شوٚخی
گول ئەندامی دل آرامی سەمەن روو دیدەشەهلایی

بەدوو زولفان رەسەن بازی بەدوو ئەگریجە طنازی
بە دوو چاوان سیحر بازی بەدوو لیوان مەسیحایی

کەمان ئەروٚی پەیوەستی بەعیشوەی نەرگسی مەستی
کە سەهمی خستە نیوشەستی نەما هەریەك لەهەرلایی

هەلی دادای لە جەرگم خستمی قصدی سەری کردم
شهیدی کربلا من بووم ئەسیری دەستی تەرسایی

شکاندی سەددی ایمان پشتی دین دەستی تەوانایی
حجابی آبروو تو۸بەی ( وەفایی ) صدقی مولایی

دەخیل ئەی هەم جلیسان ئەی رفیقان خزمە تا ماوم
بە هەر نوعی کە وا خوتان دەزانن بو۷م بکەن رایی

هەموو عمری عزیزم صرفی ووردە انتظاری بوو
لە بەدبەختی (وەفایی) داخو۷دی ئەو شو۷خە یانایی

✿ * ✿

بە یادی تورەی آرام و روح و راحەتی جانی
عجب عاشق وەها جمعە دە گەل زولفی پەریشانی

لە باتی بمکوژی دەمخاتە داوی زولفی شیواوی
لە باتی بی کە آزادم بکا دەمکاتە زیندانی

لە بەژنی دامە گەر زنجیرە یا زنازە یا مارە
لە نخلی قامتت آلاوە یا خو۸ زولفی ریحانی

بە شیرینی کە گیان بەخشی بەمحبوبی کە دلکیشی
ئەتو[7] هەر آوی حیوانی. ئەتو[8] هەر ماهی کە نعانی

زمانی قبلەم ئەبرو[8]تە دەمی زناری گیسوتە
بە دەردی بی دەوا ماوم لەگەل کافر موسلمانی

بەدوو گیسووی رەشماری ئەگەرزنجیری داوە لیی
بە دوو لعل شەکەر باری ئەگەر میهری سلیمانی

عجب ماوم بە بو[7]سی لەو دەمە بەو گیانە بە خشینت
بە اعجازت قسم آور پە رستم گەر مسیحانی

بە سەر چاکی یەخەی زولفت لە قوبەی سینە آلاوە
لە بەر گو[7]شەی افق نەمدیوەشەو دوو میهری تابانی

قسەی خاکی بەری پی[7]ت شهرەیە بو چاوی نابینا
هەتا نەمدی بەچاوی خو[8]م بە سورمەی دیدە نەمزانی

لەبە شو[8]راوی ئەشکی خو[8]م وسو[7]زو تاوی عشقی تو
سەراپا عاقبت هەروەك (وەفایی) بوومە بریانی

سلطانی هەموو سەرو قەدان ماهی حساری
چاوی کە غزالن دەگرن شیری شکاری
بو مشکی ریاضی چەمەن و بایی بەهاری
زولفی کە هەوا خستیە سەر خونچەیی زاری
هەر لحظە لەخەندەی کە گول و نافە دەباری

دەم خونچەیی نەشکفتەی گولزاری جمالە
ئەبرو چیە محرابی دوعای نیرگسی کالە
قەد نارەوەنی نەورەسی باخی خەت و خالە
نیرگس بەنوارین فەتەراتی سەر و مالە
یەکسەر هەمووعالەم کە بووە مشکی تەتاری

گول هاتە وەرین لافی لە حسنی بوتی من دا
لە رزی قەدی بە رزی لەرقان زولفی کە بادا

عطر یکی لە دەم پەرچەم و ئەگریجە بە بادا
چین و خوتەن و هیندی بە شاباشی سە با دا
هەر یاری منە رەوشەنی گولزاری بەهاری

لعل وشە کەری زاری کە وەك فکری دەقیقە
شبهەی نیە ئەو مەر کەزە پەرگاری عقیقە
ئەو سەبزە لەسەر ئەو لەبە وەك روحی رحیقە
هەر جەوهەرەجەوهەر خەتە خەت‌مشکی عتیقە
یا قوتی گو[7]لم نەخشە لەگەل خطی غباری

پەرچەم حبشی رادە فەرەنگی بوتی زیبام
سەر حلقەی شو[8]خانی پەری چیهرە گولندام
پیم کوت چیەئەو نوختەلەلیودوولەبیوەك‌جام
فەرمووی‌ئەوە نکتیکە لەدوو نیوی‌شەکەر خام
ئەو عیە صفای عمرە ئەگەر عشقی یاری

بو^هەتکی دو کانی خوتەن و کانی بەدەخشان
وەك لەشکری هیندووحەبەشن گورچی تەماشان
تیکەل بەشەوە ذرەیی خورشیدی دەرخشان
یا زولفە بی‌شانە لەسەر زولفی پەریشان

وادین ودەچن هەر دوو لە سەر شان وعذاری

بادی سحری هات لە دلوو روحی منی دا
عطری گول و گولزاری خەتاو وخوتەنی دا
یا دەستی لە دو گمەی وەرەقی پیر ە هەنی دا
تیشکیکی وە کوو نوری سهیلی یمنی دا

باخی سەمەن و یا سەمەن و سیوو هە ناری

من عاشقی رووتم وە کوو پەروانە (وەفایی)
بیماری نیگاهم بـە غزالانی خەتایی
تو^۷ بی‌و سەری خو^۲ تەگەی گولی سەرپەنجە حەنایی
چیت دیوە خەتا مەمخەرە زیندانی جودایی

بنوینە وصالت کە لە سەر وعدەیی یاری

ئەی بەهەر آوینە حسنیك و تجلاییکی دی
ئەی بەهەر چاوی دلی عاشق دلارائیکی دی

بۆ خەتیکی رۆژوشەوعەبدالی‌سووتاویی‌منم..
طوری روحە طالبی دیدارە مووساییکی دی

چونکە آوینەی جمالی شاهی جوانانە دلم
دینە آه و نالە هەر تا روویی زیباییکی دی

غارەتی‌هوشم دە کاهەردەم بەلیوی‌شە کەرین
بۆ یەوائەمرو شەوورۆژجەر گەهەللاییکی‌دی

هجری‌تۆرووحان‌دە کیسی‌وصلی‌تۆرووحان‌دەدا
ئەی فدای زولف و روخت‌بم تۆ مسیحاییکی دی

من بە چاو و گەردنی‌تۆشیت و خوینینە دلم
آورم دانامری آخ جام و مینائیکی دی

قبله گاهی عارفان کەس وەك عبیدالله نه بوو
عالەمیکی دیدەبیت وغوثي به غدایکی دی

هەرلەداخیتو[۷]( وەفایی ) بوشەوی دی مەیفرو[۸]ش
حەیفه بو[۸] تو[۷]هەردەمەی دیر و کلیسا ییکی دی

مطرب وەرە دەستی من ودامانی وەفات بی
سووتاومه بە مەستی نەیەوەدەنگی نه وات بی

ساقی وەرە مجلس بەسەر و گەردنی جامت
بی نغمەی نی نامەوی گەر آوی حیات بی

تو[۷]گەنجی جمالت هەیه من عاشقی رووتم
یەك بو[۷]سه چه نایی که بفەرمووی بەزەکات بی

نابیتەوە رو[۷]ژ ایدی صباحی املی من
بەو گەردەنە هەر تاشکەنی زولف دو تات بی

دە گریم و کولی آهی دەروونسو^زلە دل دی
وەك بەرقی بەهاری کە لە عینی ظلمات بی

قوربان کوتم آخر بەسە بەو زولفە اسیری
فەرمووی کەئەتو^مورغی‌شەو آویزی‌صدات بی

من‌رەندە قەلەندەر صفت و مەست و خەرابم
تو^ش پیری خەراباتی ئەگەر مذهبی وات‌بی

نە مزایی هەتا پی‌نە کەنی گول بە دلی من
قبنجانی لە مەرجانی دەبی پرلە نەبات بی

هەر چاوە نوواری قدمی‌تو^م وئەگەر دی‌ی
زوو بی نفسی آخرە روحم بە فدات بی

هەستە وەرە لەو جامی ئەلەستی بدە دستم
بەستەی دەری گولزارە ئەوەی مستی‌صفات‌بی

سەد جاربچم و بیم و بسووتیم حقی تو^یە
هەرچەندە بە شرعی شەم وپروانە خەتات بی

بو[8] ماچیکی مەمکۆوژە بە ڕوحم و بە وفا بە
هەر چەندە بە دینی گول و بولبول حسنات بی

عهدیکە دە گەل گول کە بەبی مطرب وساقی
تا ایرە نەچی ایدی (وەفایی) بە حیات بی

⁂

چەمەن یە کبارە خامو[٢] شە خرو[٢] شی بولبولان بابی
دل ئەورو[٨] مات و مەدهو[٨] شەخودا فصلی گولان بابی

ئەگەر مەیلت لەسەر مانە چە حاجت آوی حیوانە
لە لعلی لیوی جانانە حەیاتی جاویدان بابی

نە ماوە حالەتی ژینم لە دەست چوو روحی شیرینم
رفیقان بین بکەن شینم صدای گریە و فغان بابی

ئەسیری تاری گیسوتم هیلاکی چاوی جادووتم
شهیدی تیغی ئەبروتم دەسا عیسای زمان بابی

بحمدالله گولی رەعنا شکاندی رەونەقی لیلا
بلین مجنونە کەی شیدا رئیسی عاشقان بابی

زەمانە بەزمی ڕەندانە بدە ساقی بە پەیمانە
لە بەر تعظیمی مەیخانە بلێن پیری موغان بابی

لە باغان سەیری گولزارە لەهەر جێ عاشقی زارە
خودائە و آهوو روخسارەوە کووسەروی رەوان بابی

ئەلائەی عاشقی مەدهوش وەکوو بولبول مەبەخاموش
لە بەر سوزی دلی پر جوش خروشی بولبولان بابی

(وفائی) گە رچی شیواوی بە عیشقی یا رسو تاوی
بلێت موتریبەتاماوی سەدای چەنگ و چوغان بابی

حریفان ئەلامان کوشتوومی یارم چاوی بیماری
دەسا بین دەس بەشینم کەن بەایلجاری بەیەکجاری

گرفتاری کە سیکم دلبریندای جوانیکم
جەفا جو تو ند خوو زنجیر مو و خیاطیەکاری

چە دلکیشە الهی سەبزەبی ئەو رەستەی کولمی
لەدەوری بەزمی گولشیرینەآری خطی‌ژەنگاری

لەخەندەی‌زاروجیلوەی یاروکاکو^لی‌پەریشانی
شکا بازاری قەنادی و نرخی مشکی تاتاری

خودا تو^بە لەدەست‌ئەو چاوەبیمارەی چەسحارە
بە عەینی دل دەگرییی گەه بە یاری گابەعیاری

بەهاری حوسنی خەملیوە بە بازی گولبونی بالا
شکو^فەدەمیەریحان‌خطیەنیرگس چاوی‌بیماری

ئەمن تشبیهی روخسارت‌بەمیهرومەه بکەم حاشا
کە تو^ ماهی صنوبرقامەتی خورشید روخساری

عجب ماوم لە چاوت وابە بیماری دل آزارە
چە کافر ملتە یارب لە مەستی دایە هوشیاری

بەخو^رایی نیەو اخاو شیواوی تو^ئەی سونبول
مەگەرتو^ش‌وەك(وەفایی)غمزەدەی کاکو^لی‌رەشماری

(وەفایی) بوت پەرستی تۆیە سەد کا کفری ئەظهەر بی
بە دینی عاشقان سجدە حلالە گول کە مظهر بی

دەمی با دەست و گەردن بم دەمی با هەمدەمت من بم
نەخۆشی چاوی تۆم بەلکوو شفای من شیروشە کەر بی

قسم بەو لیوی خەندان هەر ئەتوی بەو شکل و بالایە
لە جنت د ائە گەر هیچ نخلی طوباو آوی کوثر بی

لەتاوی تیرە بارانی نیگات بۆچی نە نالینم
دیارە حالی بیمارێ کە قەلبی پر لە نەشتەر بی

روخ و گەردنی نیشاندام پیم دەلی تۆ هەر بنالینە
چە خۆشە نغمەیی بولبول بەهاران وەك بیان بەر بی

لە دوولا زولف وخالی عەنبەرین کەو تووە نە روخساری
وەکوو تابووری هیندو چین بە باغی دلگوشا وەر بی

کەرووی خو٘ی خستەدەرهەستا لە هەر گو٘شیکی غەوغایی
جیهان پر بوولە نالەی عاشقان وەك رو٘ژی محشر بی

قەراری دا بە روح و دل بەری پی‌ی ماچ بکەم تا سەر
الهی عهد و پەیمانـی حبیبی من هەتا سەر بی

بەهەویای خالی لیوت کەوتمە داوی ظلمتی زولفت
الهی رەهبەرم آوی بەقا و خضرم پەیەمبەر بی

لەوی رو٘ژی کە دەستم دالە رووی سرری دەمزانی
بە قورآن سویندەخو٘م کوثر ئەگەروەك لعلی دولبەر بی

دەلی بگری و ببارینە هەتا بیم دەست و گەردن بین
نثاری شای شەکەر لیوان دەبی هەر لعل و گەو هەر بی

دەلی بمرە وبسووتی تا بە دل من بیمە سەر جوی تو٘
سلوکی عاشقان وایە کە دل دەربی بە دولبەر بی

وەها محوی تجلای گەردن و روخساری تو٘م قوربان
لە خاکم رەنگە تامحشر کە هەر نەسرین و گول دەربی

خو٧شا بەورو٧ەژ گو٨شەی چاوە کەی دامی و بەناز فەرمووی
(وەفایی) بو٧چ دەرنگ هاتی و دەك جلادت کافر بی

...

سحر مەستانە را بردم بە بەر دەرکی کلیسایی
کە چی دەستی دلی گرتم خەرامان بەچەتەرسایی

ارەم بوو عەنبەرین زولفی ئەسیری چەمبەری زولفی
کەراماتی سەری زولفی بەهەر تایی مسیحایی

بەداو زولف و موژەی هەستان لەسەر حدی دلم وەستان
نظامی چین و تورکستان رژان بەر بوونەیەغمایی

نیگاهی دلستانی من خوماری دایە کیانی من
طبیبی حالزانی من نە خو٧ش بوو شەربەتی دایی

اشاریکی بەچاوان کرد بروی هلوشانی موژگان کرد
دلمیان تیرە باران کرد کە ماندارا لە هەر لایی

صبا زولفی پەریشان کرد بە روخساری عرقناکی
چە شیرینە لەگەل یەکدی مەهەو پەروین کە شەودایی

پەریشان زولفی زناری درەخشان روویی گولناری
لە زاری گولشەکەر باری کە ئەی مجنونی لەیلابی

وەرە بنوارە مەیخانە چە معمورە چە ویرانە
لە هەر لایی دل آزارە لە هەر گوشیکی شەیدایی

کەدەستمداوەری گول بوونەدل گولشەن نەزوو گول بوو
هەموو نەسرین و سونبول بووقە رەنفول نخلی طوبایی

لە جیگایی تجلا دەمبەدەم بی (لن ترانی) بی
بە قوربانی دلی عاشق هەزاران طوری سینایی

لە بەرتاوی جمالی یاری خوم ممکن نیە آرام
دەسووتام ئەز ئەگەر سایەی سەری زولفت نەبوو بایی

ئەسیری عەنبری زولف وگراوی خەیبەری زولفی
کراماتی سەری زولفی بە هەر تایی مەسیحایی

بە شو^قی آتەشی رووی تو^ بە بادەی چاوی جادووی تو^
سەرا پا بوومە کو^ی زووخال ئەمان ساقی سەرا پایی

بە لهجەی دەنگ و آوازت بە شعلەی نغمەکەی سازت
مەداری آو و آور بووم ئەمان مطرب مدارایی

سرو شکم هاتە خواری دورر لە چاوو گەردنی ساقی
لەسەر حەوز و فوارەی عاشقان آخ جام و مینایی

جمالی مطربم کە و تو^تە یاد کوا نغمەکەی تاری
هەوای خورشیدە وا سوتاندمی آخ بو^کزەی بایی

مغنی کوانی آهەنگی حجاز و بربط و چەنگی
صدای مطرب لە بەرچی کەوت و بو^چی دەنگی نەی نایی

بە گریانی دلی من هاتە روحم و پێی کەنی فەرمووی
محال بوو خەندەیی ساغر ئەگەر مینا نەگریایی

ئەتو^ شو^خی خەراباتی کە بو^ دین و دل آفاتی
بفەرموو بوچ درەنگ هاتی لە من دەنگ و صدا نایی

به آوو تاویی روخسارت (وەفایی) وامە سووتینە
خودا را ئە ی چرای دیدە بو^٧ پە روانە پەروا یی

(وەفایی)ماوەدەست بەردان لەدەورەی شوخەسەر گەردان
أمان یا قطبی ربانی مدد یا شای بخارایی

بە نازیکی کوشەندەی سەدهەزار گیان ودل افتادەی
ملك یا حوری عینی تو فرشتە یا پەریزادەی

بە دل خەندیکی بنوینە بلورین ساعدت بینە
یدی بیضات هەیە تو^٧ دەم لە اعجازی مسیحادەی

نەقەن تامی دەبی قوربان نە گولریزو نە عەنبەر بو^٨
ئە گەرجاریك بەخەندە بی ی سەری زولفت بەدەم بادەی

کوتت هازولف و کافر بووم کوتت هارووم چاتر بووم
کەمن هەر بیمەسەرری ی تو^٨ دەیی تو^٨ بو^٨ چ لەمن لادەی

دەمت وا بینە دەستم بگرە با بمرم لە بەر چاوت
بەجامیکی خلاصیم کەلەدەست ئەوتور کەجلاددەی

بەچاوی مەستی تو^۲ کەوتووم بەناری زولفی تو^۲ شیدام
نە خو^۲شی تو^۸م دەنالینم حیاتم بو^۸چ سەرم نادەی

کەتو^۸ سلطانی روحمت بی بەزولفان بەس دلم تیکدە
دەبی تا کەنگی بیت‌الله بە دەس کافر بە یغما دەی

دەمت بینە بە دل بگرم لەبەر جامی لەبەت بمرم
دەمادەم روح بەخشی تو^۲ لەبالەب ساغرو بادەی

چرای قندیلە شمسی آسمانە رووی درەخشانت
ئەگەر سەد جار زوهرە و مشتری روو بەندی پی دادەی

لەبەر چاوت وەکو زولفت پەریشان کەوتوم فەرموی
(وەفایی) چیت لە مەیخانە کە تو^۲ واپیر وافتادەی

دلی دیوانه وصالی لەبی یارانی دەوی
بولبولی شیفتە خەندەی گولی باخانی دەوی

دل لەسەر پەرچەمی شیواوە اسیری زەنەخە
آری آری ئەوە دیوانەیە زیندانی دەوی

بەکولە٧ گریەی من بو٨یە گولم پیدەکەنی
شەرکەرە گول دەفروشی دور و مەرجانی دەوی

بەستەی زولفیە بو٨ زاری دەنالی دلەکەم
تووتی گولشەنی هیندە شەکەرستانی دەوی

دل بەسەدجیگەلە نیو زولفی دەسووتی بەعذار
پادشای حوسنە بەشەو حوکمە چراخانی دەوی

غزلم پارچەیی آوریشمە بەو ناسکیە
بو٧ لەبەر کردنی زانایی قەدر زانی دەوی

خەستەیی چاوتە سووتاوە (وەفایی) ساتی
سەر خو٨شی بادەیی چاویکە غزلخوانی دەوی

به بی‌باکی دەمیکی هات و داغی کردم و رویی
دەبی حالی چبی بولیول بەهار زو٧رپی‌نه چوو رو٨یی

نیگار هات وابە خەندە کەوتە دونیا آهو ناڵەی من
بەهارهات‌خونچە‌پشکووت‌دەنگی‌بولبول‌سو‌بەسورو٨یی

فراقم کرد لەپاش تو٨ هیچ حیاتم پی‌نەما قوربان
حیاتی من کە تو٨ی معلومە نامینم کە تو٧ رو٧یی

لەسەرما‌چیکی‌زاری‌خو٨ت کەنەتدارەنگ‌نەبوو زیزبی
عزبزم بی‌وەفاییت کرد لەسەر هیچی نەبوو رو٧یی

خەرامان هاتوو چوو دولبەر ( وەفایی ) مابە ناکامی
دریغا عمری شیرینم چە زوو هات و چە زوو رو٧یی

منعی نالینم مەکەن یاران لەدەست و خەنجەری
زو٧ر بە ایش‌و وەرددل٧چیکەم لە نیشی نەشتەری

زەحمتی بێهودە تا کەی ئەی طبیبی میهربان
دەردی من دردیگی بێدرمانە چارە ناکری

هەر لەطفلی تا بە پیری قەت دلم بێغەم نەبوو
گەردوشی ئەم چەرخە کۆ نەدەس لەمن هەلنا گری

سۆزی نیوجەرگم بە گریان هەر لەتاو وخۆشترە
گەر هەزار طوفانی نوح بێ آوری من دانامری

دەستودامان بووم گولیکی مظهری تو بوم کوتی
عزتی حسن و جمالم شرکتی هەلنا گری

دوودی آهم سۆزی جەرگم وا کە هەر بالادەچی
شەو نیە آسمان کە ئەگری چا کە آور نا گری

رووی وەدەرنا تا بە تا زولفی دلاویزی بزووت
آه ونالەی عاشقان هات بووبە رۆژی حاشری

ماچی سەرتاپای کەدای فەرموی (وەفایی) من دەرۆم
ئەو دەمەی ملوە لە عمرت هەستە باخۆش رابری

هیند نەخوٚشی دەردی دوریم وەختە گیان و دل دەری
کوا نەسیمی صبحدەم بی عرضحالی من بەری

دەردە دارم بی‌زمانم بی دلم سەودا سەرم
آخ لەبوٚ دل میهرەبانی هەمزمانی هەمسەری

کەس بە حالی سوٚز و گریانی من آکادارنیە
آخ لە بوٚ یەك حالزانی دل پرآو و آوری

لحظە یەك یادی خودا ناکا لە بەر عیشی جیهان
نفسی کافر وادەزانی قەت جیهان را نابری

من بە دل زولفت پەسەر کە وتووینە بەر پیی رحمەت
ئەی اومیدی مؤمن و کافر بە حالم نظری

بیشە کەر خەندەی دەمت وصلی روخت ممکن نیە
جنتم ناوی هەتا نەمشون بە آوی کوثری

پیم بلی وجهی چیه زولفت مقیمی روومەته
خو[٨] بە شرعی مصطفی ﷺ جنت بە کافر نادری

با ایتر بەس بی جفام بەو چاوە بیمارەت بلی
یا دەوای دەردم کرەم کایالە دەردم هەلگری

کردمیە مجنونی دەر ودەشتان وفەرهادی زەمان
شو[٧]خی سلمارە نگ ولیلادە نگ وشیرین شەك کەری

کردمیە ئەفسانەیی بازار و شاران عاقبت
روو بەخال گەردن مەرال[٧] چاو کال و گیسو وعەنبەری

نە خو[٧]شی چاوی توم دو لبە رینگائی
ئە من کافر نەبوم کە و تو مە داوت
دەمت دەرمان طبیب تو[٨] من بریندار
دەسا بو[٧] حالی من تدبیر و رایی
موسلما[٧]نی دە بو[٧]دە ردم وائی
بە نەی ییکت بە مندا چونە نائی

لەسەر گەنجی روخت رەشماری زولفت
له بو^٨م هاتن به داو هەریەك لەلایی

دەیندارى هه واى جیلوه ى شهیده
أمان ساقی به مەرگی من سەمایی

هەموو دەم رووله محرابی برو^٨تم
الاهی کەی اجابت کەی دوعایی

به یادی طوفی محرابی برو^٨ی تو
(وەفایی) کەوته گوشەی خانەقایی

ئه ی گەلی خز مو برا بو^٧خو^٧له من ئەغیارئه کن
به ر گری له وشو^٧خه بیروحمو دلو^٧عه ییاره که ن
کو شتمی آخه ر تکاله و ظا^٧لمه غه دداره که ن
جەرگ وسینەم لەت له ته دای عیلاجی چاره که ن
یا به جاری سینه و جه ر گو دلم سه د پاره که ن

سەروی ناز و نازەنینان شاهی شاهان وادەبی
وەختی جیلوەی خوٚی دە کا بی شك قیامەت رادەبی
من کە دەت بینم لەتاوان دەچمە مردن جی یە جی
زاهدان منعم دە کەن بوچ وادە کەی آبروت دەچی
هند کەرن نا کەن تەماشای سەروی خوٚشرەفتارە کەن
ایوە بوٚچ منعم دە کەن ئەی زاهدانی بی خبر
یین تەماشا کەن ببینن دولبەرەی شیرین کەمەر
عالەمیك شەیدا بوە بوٚی ایوەچن قورتان بە سەر
خەلکی ایمانیان دە کەن پیشکیشی ممکن بی ئەگەر
دەفعە یەك وەك من تەماشای ئەو کەوا گولنارە کەن
لیم گەرین ئەی یار و ئەغیارم دە با من دە ربکا
با برینی کوٚنە و تازەی لە جەرگە سەر بکا
قەوسی ئەبروٚی تیری موژگانی لەدل خەنجەر بکا
با (وفائی) سەر بری پەنجە بەخوٚین ئەحمەر بکا
چون بەخوٚینی عاشقان مەعشوقە ایفتیخار ئەکەن

## نموونەی هەلبەستی (وەفایی) لە زمانی فارسی دا

هەرچەندهەلبەستە کانی فارسی (وەفایی) لەئەندازە بەدەرن بەلان ایمە لیرەدا لەو (٥) چوار خشتە کیە پتر ناتوانین بە چاپ بگەیەنین چوونکوو ایمە بەخوٚمان و چاپخانە کە مانەوە تەنها بوٚخدمەتی زمانی کوردی رەخساوین بیجگەلەوەش بو نمونە تا کیك بەسە :

ئەی بندە وفای سر و گردن مفراز
چون بی‌ادبان بروی‌این خاك مناز
در هر قدمی کە پای بر خاك نهی
دارا و سکندریست خوابیدە بناز

گول گفت بە بلبل کە بمایك دلە باش
جانباز وفای شوو باحوصلە باش
هنگامی سحر اگر بیك خندهٔ من
اشکال توحل نگشت پس در گلە باش

سهلت وفای بدل بلبل زار

آزار ز مستان به تمنای بهار

صد سال توان فتاده بیمار و فکار

شاید که در آید از درم روزی بار

تـا هجر وفای ننماید بکسی

قدر شب وصل می ندانند بسی

خوشتر چه بود از این که بعد از هجران

در صحبت یار بگذرانی نفسی

در باغ اگر چه عرعرو نارون است

سرو وسمن و یاسمن و نسترن است

آنها دگر ندو گل(وه‌فای)دگر است

گل روشنی چراغ این انجمن است

## بەستە و گۆرانیەکانی موکریان

خاکی پاکی موکریان کە یادگاری دەولەتی مادە هەروەکوولەپیش دالانکی شارستانیەتی آدەمیزاد بووە ئەمروکەش سەر چاوەی هەموو چەشتە هەوا و بەستە و نەزم و بەند و گۆرانی و مەقامیکی تەر و تازە و پاراو و خوش و مەزەداری کوردی یە

گۆرانی و بەستەی کۆن و تازەی کوردی تیکرا لە ٩٦٠٠ ر٠ی لە هەریمی موکریانی دا داهیزاون ولەوی وەبو هەمولایەکی تری کوردستان پەخش و بلاو بوونەوە(١)

---

(١) لەو با بەتەوە ئەگەر چی بـو موکریانیان مایەی سەربلندی یە کەلە هیچ گوشەیەکی کوردستانی دا کور (مجلس) یکی بە زەوآهەنگ و کەیف و شایی و زەماوەند سازنا بی تابە بەستەی تەر و گورانیە پرسوزەکانی

موکریان گەرم و خۆش نەکری‌ونە رازیتە وە بەلان بۆ هەمو کورد یکیش مایەی شانازی‌یە کە تاران و سەرا نسەری ایرانی بە فارس و تور کمانیە وە هەمیشە هەوا و بەستە و مەقامان لە (مەهاباتی) وە ردە گرن‌و بەر شتەی زمان‌و مۆزیقەی خۆیانیە وە دەکەن و چیژی [ذوق] لی وەردە گرن

ئەو سالە بەرئەوەی کەوە فایی لە سەردەمی خۆیدا لە داهینانی هەوایاندا تاك و بی وینە بووە و هەر دەستە هەلبەستیکیشی چەشنە هەوایەکی تایبەتی هەیە بەو هۆیە وە زۆر بە جی و بە دەرفەتم زانی کەلز گە (لیستە) ی هەموو چەشنە گۆرانی و بەستەیەکی کوردی ئەوانەی کەدووراودووردەستم کەوتوون‌لەو(٤) لاپەرانەی‌خوارەوە دا بەریز چاپ وپەخشیان بکەم

بەو بۆنە یەوە لە هەموو لاویکی خوین پاکی مو کریانی‌هەویایە کە هەر کەمو کورتیکی‌لەدیوانی وە فائی

و یاله و گۆرانیانه یاندا وه بەرچاو دەکەویت بە پوختی ودروستی بۆم بنووسن تاله چاپی دووەمین دابە ئاهەنگیکی زۆڕپوخت ودلگرتر و خۆشترەوە لەنیو گولزاری ویژه(ادب)دائه ندام بنوینی .

## لزگەی بەستە و گۆڕانی و مەقامەکانی کوردی:

| | |
|---|---|
| ایجباری | آمینی و نازەنینی وەی وەی |
| آخ بۆ لەیل | لەسیرەی پۆتینی |
| آخۆ بەچە دەردیکەوه گیر | آمینم تاقانەی دایە |
| ساوەدلی من | آمینی خۆم ڕیم نیە برۆم |
| آزاده آزاده | آور بارانە |
| آمە کولی جل شۆر گیان | آهۆ یار |
| آمین گیان و گیان و گیان | آی پشتیند شل وملتوخوامە |
| گیاندارت خۆش بی | ستە بەیانە |
| آمینی و آمینی هەر تۆی | آی لەنجە و خانم لەنجەیە |
| دونیا ودینم | آی یای |

ئەری هو ٧ لەیلی باوانم لەیلی بەهارە
ئەمان ئەمان دلی شاد (بارینان) بەیاتی کورد
ئەمان ئەمان ز کیە (بادینان) بەیانە بەیانە
ئەو بەرەوبەزە ناسکەدولبەرە بریاهەر نەمدیبای هەر نەمدیبای
ئەوچاوانەی هەلیان دینی بو ٧ ت بمرم بو ٨ ت بمرم
ئەو کچەلەومالەقولی داوەپیم بونی هەلالان دی صدای چاو
ئەی هاوار نامهیلی دەروا و کالان دی
بە جیم دیلی پاییزە
ئەی دولبەر آفاق پیم لی نی پیم لی مەنی
بارانە و بارانە (ایی کو ٧ ن زەردی لەبەر کولینی
وتازە ٢ جوورن) تەنکی باوانم تە نکی
بالا کەت بەرزە گولی ٧ تەنکەی شیرازی
باوابی باوابی دستم لەمەمکان دابی جانانە
باوانم باوانم گیانم بە فدای گیانت بی
یە چەندی کچی بە چەندی وەبکە دل میوانت بی
بە کرەیی (هەولیر لەدروینەدا) چارو ٧ کی چارو ٧ کی
بە گولان و بە گولان چاورە شە کالی خر ٧ ی

گەڕملی لادە

چاومەستی کچی چاو مەستی

چە لە بانی

چەند خوشە خەوی بەیانان

لەسەردیراوی ریحانان

چەند نەخۆشم کەو تووم

چوار گا

حەیرانە (چوارجوورە)

حجازی کوردی

خاسی تۆ خانمی خانمی

خانمانمی

خالەی ری بوار دوجوورە

خالیك هاوەبان پەنجەی پاتەوە

خاغۆلی

خەزالی کچی خەزالی بەرزو بلندێ لیو آلی

خرنووك خرنووك

داد وەرە

دەچمە سەری کورتەکی بەرامبەر بەگەرمینی

دەسمال زەردێ چت لی کردم

دەمە گری مەگری چاوانت دێشی

رەزیە وەرە مالەکەم رەزیە

هەر تۆم خانمی

ریحانم دێراو دیراوە

زولفانی (بادینان)

سەحەری

سابلاخ بەچریکەی بولبولان

وادەپسینی بەندی دلان

سەد بریا جیژنە نەبایە

سەری سابلاخی بەنیسی یە

سەوزەسێ جوورە هەوایە)

سەوزەی محالی

| | |
|---|---|
| سوارۆ . | کەتانە و کەتانە |
| سۆز (کرکوک دەرویشانەیە) | کەمەرەشل |
| سێگای کوردی | کراس قاقانی دین وایمانم هیچ |
| شەو و نیوە شەو | کویت نەیەشی قضات لە گیانم |
| شەویك و دووشەو بەمیوانت بم | کراس زەردی کراس زەردی |
| شەوی نانووم تا بەیانی بە | کورتی کورتە سینگ |
| سلامەتی چاوی جوانی | صدفی چاو پیالە |
| شوێشتەری کوردی | گەبری کوردی |
| شایەر بیت ولە نیوباغ بی | گەوهەری کچێ گەوهەری |
| جائەو باغەش لەسابلاخ بی | گچکە |
| شیروانی | گولم گوولم گولم ئەی |
| عەدلەکە | هاوار گولم |
| ەر | گولنیشان گولنیشان (بادینان) |
| | گوڵی گوڵی |
| دابی (بادینیان | گیان و گیان و گیان و گیان |
| | گیاندارت خۆش بی |
| (گۆرانیکی کۆنە | لاوژە |

لاوك   نازیلی لیرەولەوی هەرئەوشو[٢]
لەژیلا[٢]هات دوورم ناسی   ماچم لیت[٢] دەوی بەشیخی کانی کە
لەشکری   وی نایخەمە سبەی شەوی
لەورو[٢]ژە کە دوور کە وتەوە   ناویرم بیگرم بیمژم بیکوشم
سایەت لەسەری من   لیمو[٢]ی
لیلی وەسو[٢]   نەسرین دەمیکەداخت لەدلمە
لەیلی   نەشمیل نەشمیل نەشمیلانی
لیم ون بوە چاو کە ژالم   نەمزانی نەمزانی دەزمانی
زولف شو[٢]ری گەردن بەخالم   سەردردانی
مریە می مریە می ( میرەمی   وەر گەری آویزانت بم
میرە می )   هانایەت وەبەر دەبەم دووەمین
  وەبەر فەلەکی
ماو و رەر   هاوارەی لانکی
من مجنون نیم   هەتائەمرو[٢]عزیزی من ئەتو[٨]
من وای تەنکە وای
میوانی شەویم خەجی   بووی
نازانم قوربانی کویت بم   هەوریلار(ئەی کولەجەریری)
نازداری نازداری نازدارت کردم   هەنازە کچی هەنارە دەرمانی

دەرمانی دەردم یارە
هەیبی دەبلا٧ بی یارم دەنیوەشەودا
هەیگولی٧ خانم گولی
هەینار هەینار
هو٧ بالابەرزی گەردن شەربەتی
هو٨ هو٧ ی رەشو٧ مەچو گەرمینی
هو٧ رە(جاف گەرووس تیلە کو٨)
یار گەلو٧

---

گو٨ ٠١ ە کە٨نە کانی. کوردی

(١) لاس و خەزال (٢)
کاکەمەم(٣)ناصرومالمال
(٤)لەشکری(٥)نیوەشەو
آیی یای(٧)آهویار
سیامەند(٩)بایزە
قەرو گولەزەرد (١١)
(١٢) آزیز
قەر=پیاویکی خانەدان و
گراو(عاشق)ی گولەزەردی
...

٢٣
بات
......
ەکان

... یاك تارجه اسلامی ﷺ

محمد امین مسری (سیدیان مهاباد)

بتخت ... هی

... مهاباد

مافی چاپ کردنی ام کتیبه بۆ کیتبفروشی سیدیانە وبس